# چاپکراوی نوێ

چاپی یەکەمی کتێبی (رحلة الایام و القدر المقدور) نووسینی دکتۆر محەمەد شەریف ئەحمەد بە زمانی عەرەبی لە توێی (١٧٤) لاپەڕەدا و بە دیزاین و بەرگێکی ناوازە بڵاوکراوەتەوە. لەم کتێبەدا نووسەر هەروەك لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات باسی لە سەرگوزەشتەو ژیاننامەی خۆی کردووە، ئەم ژیاننامەیەشی بە نۆ قۆناخ ریزکردووە، هەر لە قۆناخی لەدایکبوونی و خوێندنی ئایینی تادەگاتە قۆناخی خوێندنی ئەکادیمی و دواتر کارکردنی لە فەرمانگەکانی حکومیی هەرێمی کوردستان، ئینجا خوێندنی زانکۆ لە ئەردەن و پەنابەریی سیاسی، دواجاریش گەڕانەوەی یەکجارەکی بۆ هەرێمی کوردستان دوای رزگارکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣.

پیرۆزبایی لە نووسەرو دکتۆر محەمەد شەریف ئەحمەد دەکەین، تەمەن درێژیی بۆ دەخوازین و هیواخوازین بە بەرهەمەکانی کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکات.






■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەرێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەرێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانا خانی - دهۆک

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com

وشیار سیوەیلی



هەرێمی کوردستان
لە هاوکێشەی ململانێکانی ناوچەکەدا

جێراڵد فێرشتاین:



ناروونی سیاسەتی
ئەمریکا مەترسیدارە بۆ
سەقامگیریی ناوچەکە

عەبدولرەحمان سدیق




کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ریکلام
لەسەر پیاوان

د.عەرەفات کەرەم ستونی



ئایا عیلمانییەت
دژی ئایینە؟

پیتەر دۆگلاس فیڤەر:



ئیدارەی ترەمپ خوازیارە
گەلانی ناوچەکە خۆیان
رووبەرووی کێشەکان
ببنەوەو چارەسەری بکەن

د.نەژدەت ئاکرەیی

## تویژینەوەی ئەکادیمی و ئاسایشی نەتەوەیی

لەگەڵ ئاماژەپێکردنێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان



## ئافرەتان لە دووڕێیانی دارِشتنی یاسای دژ بەخۆیان و پێداگری لەسەر مافەکانیان



## فلاش میمۆری ٤ ترابایتیش بەرهەم هات



## هۆکارەکانی وەستانی سووڕی مانگانە



## هونەرێکی شایستە بە کوردستان

(کۆتەڵەکانی دیدار گەردی بە نموونە)



## بواتینگ مێژووی بۆ خۆی نوسیووە



# بەبێ مسعود بارزانی کێشەی کەرکووک چارەسەر نابێت

لە دێرزەمانەوە کەرکووك شاری پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە، هیچ ناکۆکییەك لە نێوان پێکهاتەکانیدا نەبووە، بەڵام لایەنە سیاسییەکان لە عەرەب و تورکمان هەوڵیانداوە ئاژاوەو دووبەرەکی لە نێوان پێکهاتەکان بەرپا بکەن و لەنێو ئاوی لێڵدا مەلە بکەن، لەپێناو وەدیهێنانی دەستکەوتی تایبەتی بۆ مانەوەی رەوشی کەرکووك لە دۆخێکی ئاژاوەو بێ سەروبەریی ئابووریدا، ئەمەش لە رێی لەشکرێکی گەندەڵکارەوە بەتایبەتی بەقاچاخبردنی نەوت بە تانکەر، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە گۆڕینی دیموگرافیی شاری کەرکووك دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر کە کارەساتێکە بۆ خۆی، چونکە هیچ مەترێکیان لە کەرکووك نەهێشتووە زێدەڕۆیی تێدا نەکەن بۆسەر موڵکی گشتی، وێڕای هاتنی چەندین خێزان لە بەغداو ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە تاکو رەوشی کەرکووك بگەڕێننەوە بۆ پێش ساڵی ٢٠٠٣، ئەمەشیان بە پێی پلانێکی بەرنامە بۆ دارێژراوە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە ناکۆکی و ململانێی موڵکایەتی لە کەرکووك دەبینین کە رێنمایی هەیە و فەرمان دراوە بە فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بەتایبەتیش بە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی کەرکووك کە گرێبەستەکانی جاران کە خاوەنی شەرعیی خۆیان هەبوو، پەکبخەن و تەنیا کاربکەن بە یاساکانی ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتیی شۆڕش.

دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر هەموو شتێك لە کەرکووك تێکچووە، تەنانەت لە بواری کۆمەڵایەتیش، ماددەی هۆشبەر بە ئەنقەست دەهێنرێتە ناو شارەکەوە تاکو شارەکە تێکبدەن، لە بواری دەستدرێژی و پەلاماردانیش هەندێ تاقمی گومڕاو بەکرێگیراو دەستیان چووە خوێنی کادیرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووك، ئەمە وێڕای گەڕان و راونانی کادیرانی ئەو حزبە لە رێی بەکرێگرتنی کەسانێکی گومڕاوە، کێشەی کەرکووك پێویستی بە هەماهەنگییەکی بەهێز هەیە لەگەڵ بەغدا بۆ ئەوەی رەوشی پارتی دیموکراتی کوردستان بگەڕێتەوە پێش ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، لەسەر حزبە کوردستانییەکان پێویستە واقیعییانەو بە جددی بڕواننە کێشەی کەرکووك، بەرژەوەندیی تایبەتی و ململانێکانیان بەلاوە بنێن، بە یەك شاندی هاوبەش و دیدوبۆچوونێکی دیار و روون و بە یەك ئامانج هەموو لایەك پێکەوە رووبکەنە بەغدا، دۆسیێی کەرکووك تێکەڵ



## شێخ ریاز محەمەد دانوک ئەلعوبەیدی

ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بە کێشە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکە نەکەن، کێشەی کەرکووك سەربەخۆ بێت، رێگە نەدرێت بە کەسانێك ئەم کێشە ناوخۆییانەی نێوان حزبە کوردستانییەکان بقۆزنەوە، بە مەرامی هێشتنەوەی دۆخی شارەکە هەر بەم شێوەیە، هەرچەند پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووك دوور بێت، کێشەو ئاژاوە لە بەڕێوەبردنی شارەکە زیاتر دەبێت، کێشەی کەرکووك بەبێ دیالۆگی نێوان هەموو پێکهاتەکانی ئەم شارە چارەسەر نابێت، ئەم دیالۆگەش دەبێ بە سەرۆکایەتی کاك مسعود بارزانی بێت کە ئەندازیارو دیزاینەری سیاسەتە لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی، بێ ئەمە ئەم کێشەیە چارەسەر نابێت، چونکە هەندێ لایەن هەن لەم دۆخە شڵەژاوە نایاسایی و نادەستوورییە سوودمەندن، ئەوانە رۆژانە سامانی کەرکووك بەتاڵان دەبەن، بێ ئەوەی خەڵکی شارەکە سوودی لێ ببینن، ئێمە گەشبینین بە هاتنی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق تاکو دەست بکات بە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووك بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، هەر لە سەرژمێرییەوە، تا دەگاتە راپرسی، بۆ ئەوەی کێشەی کەرکووك بەپێی میکانیزمی دەستووری یەکلایی بکرێتەوە، لەسەر لایەنە سیاسییەکانیش پێویستە بە ویژدانەوە مامەڵە بکەن لەگەڵ ماددەی ١٤٠ی دەستوور و تەگەرە و بەربەست نەخەنە بەردەم جێبەجێکردنی وەك ئەوەی لە حکومەتەکانی پێشوو روویدا.

هەر دواکەوتنێك لە چارەسەرکردنی دۆسێی کەرکووك رەوشەکە ئاڵۆزتر دەکات، رەنگە ئەنجامی خراپتری بەدوادا بێت، دەبێ هەموو لایەك بەرپرسیار بن لەئاست ئەم دۆسێیە، نەك بە تەنیا لایەنێك، هاتنی هێزێکی تازەش بۆ کەرکووك رەوشە سیاسییەکە ئاڵۆزتر و سەختتر دەکات، چارەسەری راستەقینەی دۆسێی کەرکووك گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ بارەگاکانی خۆی لە شارەکە، هەروەها گەڕانەوەی پێشمەرگەیە بۆ سەنگەرەکانی لەگەڵ دەزگاکانی ئاسایش بۆ شوێنەکانی پێشوویان، دەبێت هەموو لایەك بە هاوکاریی پۆلیسی ئیتیحادی بەرپرسیارێتییەکە هەڵبگرن، بەم شێوەیە ئاسایش لە شارەکە بەرقەرار دەبێت، هەموو لایەك بێ جیاوازی دەپارێزرێن و سامانی کەرکووکیش بەهەدەر ناڕوات، کە لەئێستادا کەسانێك بەتاڵانی دەبەن.



دیندار دۆسکی
سیاسەتمەدار و چاودێری سیاسی بۆ گوڵان:

# ناوی مسعود بارزانی ڕەمزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانە

**لەگەڵ ئەوەی بارزانی هیچ پۆستێکی دەوڵەتی نییە، بەڵام ترافیکی دیپلۆماتیی دەوڵەتە گەورەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ دیداریان بەردەوامەو بەسەردانیکردنی بەغداش سەرۆك بارزانی زەمینەی بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا فەراهەم کردو دەرفەتی دانوستاندنی خولقاندەوەو جارێکی دی دەرگەی گفتوگۆکانی بۆ پابەندبوون بە دەستووری عێراق کردەوە، چاودێران و بەشێك لە سیاسەتمەدارانی ناوخۆ و دەرەوەش رایانوایە بارزانی دەتوانێت ببێتە ئەو چەترەی کە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە کۆبکاتەوە، هەتا بە کاری پێکەوەیی بناغەی حکومەتێکی بەهێز دابنێن، ئەمانەو پرسی کەموکوڕییەکانی حوکمڕانی و بەرنامەکانی چاکسازی و بارودۆخی کەرکوك لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر و چەند پرسێکی هەنووکەیی و گرنگی دیکە، ناوەرۆکی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ دیندار دۆسکی سیاسەتمەدار و چاودێری سیاسی پێکدەهێنن.**

*** لە سەرەتای ئەمساڵەوە جارێکی دیکە کوردستان ترافیکی دیپلۆماتیی دەوڵەتە گەورەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە بەخۆیەوە دەبینێت، ئایا چۆن ئەم ترافیکە تازەیەی دیپلۆماتی بۆ کوردستان دەخوێنیتەوە؟**

- ئاشکرایە هەتا ئێستا لە مێژوودا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەی گۆڕانکاریی گەورە و دەستێوەردانی گەورە بووە، ئەمریکاش وەك لە دوای راگەیاندنی سیستمی نوێی جیهان گەورەترین هێزە لە جیهاندا، لەم ناوچەیەدا دەستێوەردانی گەورەی کردووە، دەستێوەردانی زلهێزەکانی دیکەش وەك (بەریتانیا، فەرەنسا و رووسیا) تا ئێستاش بوونی هەیە، هەروەها چەند میحوەرێکیش وەك میحوەری شیعە و سوننە کە لەلایەن ئێران و سعودیەوە سەرکردایەتی دەکرێن، بوونیان هەیە، بۆیە لەم قۆناخەدا کە ئەمریکا لە رێککەوتنی نیوکلیاری وڵاتانی (٥+١) لەگەڵ ئێران هاتووەتە دەرەوە، پێشبینیی گۆڕانکاریی گەورە لەم ناوچەیەدا دەکرێت، هەروەها پێشبینیی شەڕێکیش لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا دەکرێت، لەم ناوچە ئاڵۆز و پڕ لە گۆڕانکارییەدا پێگەی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی ستراتیژی دەگێڕێت، بەتایبەتی کە هەولێر وەك دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکا سەیر دەکرێت، هەر بۆیە هاتنی ئەم شاندە دیپلۆماتییانە لە سەرووی هەمووشیانەوە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کوردستان، مانای ئەوەیە هەولێر و سەرۆك بارزانی رۆڵێکی گەورە دەگێڕن و ئەم رۆڵەش رێزی لێدەگیرێت.

*** بەڵام بارزانی ئێستا هیچ پۆستێکی فەرمیی حکوومی نییە، خۆت پێشتر لە حکومەتی عێراقدا وەزیر بوویت و لە پڕۆتۆکۆلی نیودەوڵەتی شارەزایت، ئایا ئەم سەردانانە بۆ لای بارزانی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بێت، یان نا، هەر رەمزی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانە، لەمەش زیاتر بارزانی سەرۆکی پارتێکە کە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق حزبی یەکەمە، زیاد لەمانەش خەباتی بارزانی کە بە درێژایی تەمەنی خۆی هەر پێشمەرگە بووە، ئەمە وایکردووە هەموو لایەك دان بەو راستییەدا بنێن کە ئەو سەنگی مەحەکە بۆ کێشەی کورد، هەروەها سەنگی مەحەکە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقیشدا، ئەو کاتێك لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بوو، پۆستەکە ئەوی گەورە نەکردبوو، ئەو بێ ئەو پۆستەش هەر رەمزی کوردستان بووە، مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە ئەم حزبە ماوەی ٧٠ ساڵە رێبەرایەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی کردووە و ئێستاش رێبەرایەتیی دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقدا مسعود بارزانی کەسایەتییەکی گەورەیە و لە دروستکردنی بڕیار رۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت. ئەمەش لای هەموو لایەك ئاشکرایە، بۆیە بارزانی پۆستی هەبێ و پۆستی نەبێت، هەر سەردانی دەکەن و وەك رەمزی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان

**هاتنی ئەم شاندە دیپلۆماتییانە لە سەرووی هەمووشیانەوە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کوردستان، مانای ئەوەیە هەولێر و سەرۆک بارزانی رۆڵێکی گەورە دەگێڕن و ئەم رۆڵەش رێزی لێدەگیرێت**

**زیاتر بارزانی سەرۆکی پارتێکە کە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق حزبی یەکەمە، زیاد لەمانەش خەباتی بارزانی کە بە درێژایی تەمەنی خۆی هەر پێشمەرگە بووە، ئەمە وایکردووە هەموو لایەک دان بەو راستییەدا بنێن کە ئەو سەنگی مەحەکە بۆ کێشەی کورد، هەروەها سەنگی مەحەکە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقیشدا**

سەیری دەکەن و کەسایەتییەکە کە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە رۆڵی کاریگەری هەیە و کەسایەتییەکی جیهانییشە.

*** لەسەدەی بیستەمدا مستەفا بارزانی وەك رەمز و هێمای بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان سەیر دەکرا، ئایا دەتوانین بڵێین مسعود بارزانی لە ئێستا مستەفا بارزانی سەدەی بیست و یەکەمە؟**

- پێش هەموو شت کاك مسعود خۆی میراتگری میراتی شۆڕشگێرانەیە هەر لە شیخ عەبدولسەلام بارزانی تا دەگاتە مستەفا بارزانی و پەروەردەی دەستی مستەفا بارزانی-یە و بە راشکاوی دەتوانین بڵێین لە سەردەمی مسعود بارزانی کێشەی کورد زۆر باشتر بەرەو پێشەوە چووە و ئێستا ئێمە گەیشتووینەتە ئەو ئاستە جیهانییەی کە وەزیری دەرەوەی دەوڵەتێکی سۆپەرپاوەری وەك ئەمریکا دێتە هەولێر و لەگەڵ بارزانی کۆدەبێتەوە، بۆیە بارزانی بە راستی دروستکەری ئەو دەستکەوتانەیە کە بۆ کوردستان بەدەستهاتوون.

*** ئایا بارزانی دەتوانێت ببێتە ئەو چەترەی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە کۆبکاتەوە و لەسەر پرسە نیشتمانییەکان تەوافوقیان لەنێوانیاندا دروست بکات؟**

- من پێشتریش باسم کردووە، جەنابی مسعود بارزانی تەنیا کەسایەتییە لە کوردستان کە دەتوانێت لایەنە سیاسییەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، هەروەها هەر بە کەسایەتیی خۆی تەنیا دەتوانێت لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆبکاتەوە، وێڕای جیاوازیی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسیی لایەنە جیاوازەکان تەوافق لە نێوانیاندا دروست بکات و بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرن کە دەستکەوتی زیاتر بۆ میللەتەکەمان بەدەست بهێنن، بەتایبەتیش لە ئێستادا کە باس لە گۆڕانکاریی گەورە لەسەر ئاستی ناوچەکە دەکرێت، هەروەها هاتنی ئەمریکا بە هێزەوە بۆ عێراق و بوونی کێشەیەکی گەورە لەنێوان ئێران و ئەمریکا گۆڕانکاری دروست دەکات، بۆیە لەم قۆناخەدا کاتی ئەوە هاتووە هەموو لەژێر چەتری بارزانی کۆببنەوە و ببنە یەك دەست و یەك دەنگ بۆ ئەوەی سوود لەم دەرفەتە بۆ میللەتەکەمان وەربگرین.

*** ئاشکرایە گەلی کوردستان لە ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨ چووە سەر سندوقی دەنگدان و متمانەیەکی گەورەی بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەخشی، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا نەتوانراوە هاوپەیمانییەك پێکبهێندرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی تازە، ئایا پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی تازە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- ئەوە شتێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی هەموو جارێك دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستانیش، کێشە لە نێوان لایەنەکان هەبووە و پێکهێنانی حکومەت ئاسان نەبووە، هۆکاری ئەم کێشەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان، وەك ئەو دەوڵەتە دیموکراتییانە نییە کە دوولایەن ململانێ بکەن و یەکێکیان براوە بێت و ئەوی دیکەیان دۆڕاو بێت، لە وڵاتێکی وەك وڵاتی ئێمە فرەلایەنی هەیە، ئەگەر لایەنێکی سیاسی تەنیا یەك کورسیی پەرلەمانیشی بەدەست هێنابێت، خۆی بە براوە دەزانێت و بە مافی خۆی دەزانێت بەشداری لە حکومەتدا بکات، هەر بۆیە هەر لایەنێك رابسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، کە لە ئێستا ئەو لایەنە پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەو پێیەی کە لایەنی براوەی یەکەمە، بێگومان پارتی دەتوانیت بە هاوپەیمانییەکی سادە زۆرینە تەواو بکات و حکومەت پێکبهێنت، بەڵام پارتی دەزانیت، کوردستان لەم قۆناخە بە تەوافقی سیاسی نەبێت بەڕێوەناچێت، هەتا ئەو تەوافقەش دروست دەبێت، ماوەیەکی پێدەچێت. دیارە لایەنەکانی کوردستان هەموویان چاویان لەوەیە بەشداری لە حکومەت بکەن، بەڵام ئێستا کە وا بڕیار دراوە حکومەتی بنکەفراوان پێکنەهێندرێت، هەروەها گەلی کوردستانیش دەزانێت دەبێت لایەنە سیاسییەکان لەناو خۆیاندا لەسەر پێکهێنانی حکومەت رێکبکەون، بۆیە ئێستاش کە سێ لایەن (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) بڕیاریان داوە لە پێکهێنانی حکومەت رێکبکەون، ئێستا دانوستاندن دەکەن بۆ ئەوەی بە زووترین کات بگەنە تەوافقێك و حکومەت پێکبهێنن، گرنگیی حکومەت لەوەدایە کە بتوانێت خزمەتی خەڵك بکات و بەشێك لەو بەڵێنانەی داویانە جێبەجێی بکەن، وەك

**لە سەردەمی مسعود بارزانی کێشەی کورد زۆر باشتر بەرەو پێشەوە چووە و ئێستا ئێمە گەیشتووینەتە ئەو ئاستە جیهانییەی کە وەزیری دەرەوەی دەوڵەتێکی سۆپەرپاوەری وەک ئەمریکا دێتە هەولێر و لەگەڵ بارزانی کۆدەبێتەوە، بۆیە بارزانی بە راستی دروستکەری ئەو دەستکەوتانەیە کە بۆ کوردستان بەدەستهاتوون**

**دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و هێرشی عێراق بۆ سەر کوردستان، ئەمریکا هاتە سەر خەت و رایگەیاند، راستە ئێمە عێراقێکی بەهێزمان دەوێت، بەڵام کوردستانێکی بەهێزیشمان دەوێت، بۆیە پشتگیریی نێودەوڵەتییش بەو ئاراستەیە بووە کە حکومەتی داهاتووی کوردستان بەهێزتر بێت**

نەهێشتنی قەیرانی دارایی و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و دۆزینەوەی دەرفەتی کار، بە تێڕوانینی من ئەم حکومەتە تازەیە دەبێت شتی تازە بۆ کوردستان پێشکەش بکات.

*** بارزانی هەر لە سەرەتاوە جەختی لەسەر کوردستانێکی بەهێز و حکومەتێکی بەهێز کردۆتەوە، بۆ ئەمجارەش دوو کەسایەتیی زۆر بەهێزی بۆ پۆستەکانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆك وەزیران کاندید کردووە، کە ئەوانیش نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی-یە، ئایا کەموکوڕییەکانی حوکمڕانی لە کوردستان چین، هەتا لەم حکومەتە پڕبکرێنەوە؟**

- هەر لە ساڵی ١٩٩٢ کە دەستمان بە پرۆسەی حوکمڕانی کردووە، هەتا ئێستا کەموکورتیمان هەبووە، بەڵام بەرەو باشتر ڕۆیشتوون، لەلایەنی سیاسییەوە بەرەو پێشەوەچوون هاتۆتەئاراوە، راستە ئێمە دوچاری هەندێك قەیران بووین، وەك قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت، بەڵام توانراوە بە شێوەیەك لە شێوەکان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە حکومەتی کوردستان حکومەتێکی بەهێز بووە، تەنانەت دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و هێرشی عێراق بۆ سەر کوردستان، ئەمریکا هاتە سەر خەت و رایگەیاند، راستە ئێمە عێراقێکی بەهێزمان دەوێت، بەڵام کوردستانێکی بەهێزیشمان دەوێت، بۆیە پشتگیریی نێودەوڵەتییش بەو ئاراستەیە بووە کە حکومەتی داهاتووی کوردستان بەهێزتر بێت، بۆ ئەمەش دوو کەسایەتیی بەهێز بۆ هەردوو پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆك وەزیران کاندید کراون، کە ئەوانیش بەڕێزان کاك نێچیرڤان بارزانی و کاك مسرور بارزانی-یە، ئەم دوو کەسایەتییە خاوەنی ئەزموونێکی گەورەی حوکمڕانین و خۆیان لە حکومەتدا بوون و لایەنی جێبەجێکار بوون و لە ناو پرۆسەی بڕیار دروستکردندا بوون، بۆیە ئەگەر لایەنەکانی دیکەش بەتایبەتی (یەکێتی و گۆڕان) ئەوانەی کە بەشداری لە حکومەت دەکەن، هاوکارییان بکەن، بەشداریکردنەکەیان وەك پێشان نەبێت کە بە رۆژ لە حکومەت هاوبەش بن و بە شەویش ئۆپۆزسیۆن بن، ئەوا ئەم حکومەتە حکومەتێکی بەهێز دەبێت و ئومێد دەکرێت شتێکی تازە پێشکەشی خەڵکی کوردستان بکەن. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا نابێت سەقفی مەزندەکانمان زۆر بەرز بێت، بۆ سەرکەوتنی حکومەت کۆمەڵێك فاکتەر زۆر گرنگن، لەسەرووی هەموویانە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی بەغدا، واتە چۆن کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر دەکەین، کێشەکانیش کۆمەڵێك کێشەن، وەك چۆن بتوانین کێشە داراییەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین، ئەگەر بۆ ئەمساڵیش نەبێت بۆ ساڵەکانی داهاتوو، کێشەی پێشمەرگە، کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان و ماددەی ١٤٠ی دەستوور، هەروەها ئێستا باس لە کێشەی کەرکووك دەکرێت لەنێوان پارتی و یەکێتی، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیان بۆ دروست کردووە و هەنگاوی باش نراون، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش من پێشبینی دەکەم ئەم حکومەتە بەهێز دەبێت، ئەگەر لایەنە بەشدارەکان هاوکاریی جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت بکەن.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان پار بەرنامەیەکی چاکسازی کارگێڕیی بنەڕەتی ناردە پەرلەمان، بەڵام نەبووە بە یاسا، ئایا ئەگەر لەم خولەی پەرلەمان ئەم یاسای چاکسازییە پەسەند بکرێت، چەند کاریگەری لەسەر بەهێزیی حکومەت دەبێت؟**

- من یاسای چاکسازی بە گرنگ دەزانم، بەڵام پێویستە دیراسەتێکی زۆر ورد بکرێت، لەبەر ئەوەی لەسەر مووچە هەندێك شت دروست بووە کە راستە لە رووی یاساییەوە نابێت وابێت، بەڵام کەسێك ئەگەر خانەنشین بێت و تەنانەت موستەهەقیش نەبێت، کە ئێستا بەپێی ئەم چاکسازییە مووچەی خانەنشینییەکەی دەبڕێت، لەوانەیە باری ژیانی تێکبچێت، هەر بۆیە راستە بەپێی ئەم چاکسازییە نزیکەی ١٠٠ ملیار دینار بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، بەڵام دەبێت ئەمە نەبێتە هۆکاری ئەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی دروست بکات، دەبێت لەو روانگەیەوە سەیری بکەین شتی هەڵە دروست بووە و دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

*** لە پرسیاری پێشتر ئاماژەت بە**

**ناکرێت لایەنێکی سیاسی لەناو حکومەت هاوبەش بێت و لە پەرلەمان ئۆپۆزسیون بێت و دژی حکومەت بێت و هەوڵبدات حکومەتەکە شکست بهێنێت، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەنگ بهێنێت**

**من یەکێکم لەوانەی بەشدار بووم لە نووسینەوەی پڕۆژەی دەستووری عێراقدا، ئەو کاتیش قەناعەتم بەو جۆرە بووە کە دەبێت لە عێراقدا لامەرکەزییەتێکی بەهێز هەبێت**



**بەربەستێکی گەورە کرد لەبەردەم سەرکەوتنی حکومەت لەکارەکانی، ئەویش ئەوەیە کە پێشتر حزبەکان بە رۆژ لە حکومەت هاوبەش بوون و شەوانیش ئۆپۆزسیۆن بوون، ئایا پێتوایە ئەمجارە ئەم دیاردەیە کۆتایی دێت؟**

- ئەمەیان دەکەوێتە سەر ئەو لایەنەی کە راسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت دانوستاندن بکات، ئەم لایەنە ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئێستا برادەرانی پارتی کە دانوستاندن دەکەن، دەبێت ئەم پرسە بە پرۆتۆکۆڵی و زۆر شەفافانە چارەسەر بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ناکرێت لایەنێکی سیاسی لەناو حکومەت هاوبەش بێت و لە پەرلەمان ئۆپۆزسیون بێت و دژی حکومەت بێت و هەوڵبدات حکومەتەکە شکست بهێنێت، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەنگ بهێنێت، زۆر گرنگە ئەو لایەنانەی لە حکومەت بەشداری دەکەن، هاوکار و یاریدەدەر بن بۆ ئەوەی بەرنامە و پرۆژەی حکومەت سەربکەوێت، دەکرێت سەرنج و پێشنیاریان لەسەر کارەکانی حکومەت هەبێت، بەڵام دەبێت سەرنج و پێشنیارەکانیان بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکانی حکومەت بێت، لە وڵاتانی دیموکراتی هەر سێ دەسەڵاتی حکومەت و پەرلەمان و دادوەری، تەواوکاری یەکترین و پەرلەمان بۆیە یاسا دەردەکات، بۆ ئەوەی حکومەت بە سەرکەوتوویی جێبەجێی



بکات، بەڵام لە پرۆسەی حوکمڕانیی ئێمەدا وا تەفسیر کراوە کە دەبێت پەرلەمان دژی حکومەت بێت، بۆیە ئەگەر ئێستا دووبەرە دروست بێت، بەرەیەکیان بەشداری حکومەت بێت و بەرەیەکی دیکەش لە ئۆپۆزسیۆن بێت، ئەوا لایەنی ئۆپۆزسیۆن مافی خۆیەتی هەرچی دەڵێت، بەڵام ئۆپۆزسیۆنیش نابێت هەموو کارە باشەکانی حکومەت ڕەتبکاتەوە، سەبارەت بەو لایەنانەشی بەشداری حکومەت دەکەن، دەبێت بەرگری لە بەرنامەی حکومەتەکەی خۆیان بکەن و ئەو حاڵەتەی پێشتر دروست بوو، ئیدی نابێت قبووڵ بکرێت، دەبێت ئەو پرۆتۆکۆڵەی بۆ کۆتاییهاتن بەم دیاردەیە ئیمزا دەکرێت، بۆ خەڵکی کوردستان و لەناو پەرلەمانیشدا بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان شاهید بن کە چ لایەنێك ئەو پرۆتۆکۆڵە پێشێل دەکات.

*** لە پرۆژەی چاکسازیی حکومەتدا بڕگەیەك هەیە باس لە لامەرکەزییەتی پارێزگاکان دەکات، ئایا لامەرکەزییەتی پارێزگاکان تا چەند کاریگەری لە سەر سەرکەوتنی حکومەتی داهاتووی کوردستان دەبێت؟**

- من یەکێکم لەوانەی بەشدار بووم لە نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری عێراقدا، ئەو کاتیش قەناعەتم بەو جۆرە بووە کە دەبێت

لە عێراقدا لامەرکەزییەتێکی بەهێز هەبێت، ئەو کاتەی لەناو حکومەتی عێراقیش بووم، لیژنەیەک دروست کرا کە دەسەڵاتی پارێزگاکان زیاد بکرێت، من ئەندامی ئەو لیژنەیەش بووم، لەو لیژنەیەدا بڕیار درا کە ٧ وەزارەتی حکومەتی عێراق نەمێنێت، یان ئەگەر بشمێنن دەسەڵاتەکانیان بدرێتە پارێزگاکان و وەزارەتەکان تەنیا بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان بمێنن. سیستمی لامەرکەزی پێشکەوتنێکی کارگێڕییە لە جیهاندا، بەڵام لامەرکەزییەت بە مانای لەبەریەک هەڵوەشان نابێت، بەڵکو لامەرکەزییەت لە چوارچێوەی یەک کیانی سیاسی و یەک حکومەتدا، ئایا ئەم حاڵەتە چەند لەگەڵ واقیعی کوردستان دەگونجێت؟ بەڵێ بۆ کوردستانیش گونجاوە و دەبێت پارێزگاکان دەسەڵاتی زیاتریان هەبێت، بەڵام دەبێت ئێمە وەک یەک میللەت و وەک یەک کیانی سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و هاوکاری حکومەت بکەین، نەک دژایەتی بکەین. ئەم پرسە پرسە پرسێکی کارگێڕییە و سیاسی نییە و تەنیا جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکانە، بە بۆچوونی من ئەزموونی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کوردستان سەرکەوتوو نەبووە و دەبێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت و یاساکەی هەموار بکرێتەوە، هەر بۆ نموونە کاتێک ئەنجومەنی پارێزگا هەیە، لە هەمانکاتدا ئەنجومەنی شارەوانیش هەیە، بۆیە کاتێک ئەم فرەییە لە بڕیاردان هەبێت، پاشاگەردانی دروست دەبێت، هەر بۆیە لە پرسی لامەرکەزییەتی پارێزگاکانیش دەبێت دیراسەتێکی ورد بکرێت لە پەرلەمان و خەڵکانی پسپۆڕیش بەشداری پێ بکەن، بۆ ئەوەی سیستمی لامەرکەزییەکە کارگێڕی بێت و دەسەڵاتێکی زۆر بداتە پارێزگاکان و هەمووشی لەناو چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت.

**ئەزموونی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کوردستان سەرکەوتوو نەبووە و دەبێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت و یاساکەی هەموار بکرێتەوە**

*** کێشەیەکی دیکە کێشەی کەرکووکە، ئاشکرایە بارودۆخی کەرکووک دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر زۆر نائاساییە، ئێستا یەکێتی نیشتمانی داوا دەکات هاوکاری بکرێن بۆ ئەوەی پارێزگارێکی کورد بۆ ئەو شارە دابنرێت، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگرێت کە بارودۆخی شارەکە ئاسایی بکرێتەوە، چ ڕایەکت لەسەر ئەم دوو ئاراستە جیاوازە هەیە؟**

- ڕای من لە تێگەیشتنی برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان نزیکترە لەسەر ئەو پرسە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بارودۆخێکی وا لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە لە کەرکووک دروست کراوە کە نایەوێت کورد لەو شارە وجوودێکی کارای لە بەڕێوەبردنی شارەکەدا هەبێت، ئەمە لە کاتێکدا کورد نەتەوەی سەرەکییە لەو شارەدا و هەموو نەتەوەکانی دیکە پێکەوە هێندەی کورد نابن، بەڵام وێڕای ئەمانەش ئەگەر پارتی بچێتەوە کەرکووک، یان یەکێتی کە ئێستا لە کەرکووکە، خۆ ناتوانن پاسەوانی بارەگاکانی خۆشیان دابنێن، برادەرانی یەکێتی ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد، هاتن پێیان داگرتن، واتە لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەموو جۆرە بوونێك بۆ کورد لە کەرکووکدا پەسەند نییە، با گریمانەی ئەوە بکەین پارێزگارێکی کوردمان بۆ کەرکووک دانا، ئایا ئەم پارێزگارە لەژێر دەسەڵاتی سەربازیی عێراق و حەشدی شەعبی نابێت؟ بۆیە من قەناعەتم وایە لەسەر ئەم پرسە دەبێت پارتی و یەکێتی ڕێکبکەون و وەک پێشان لەگەڵ ئەمریکا و حکومەتی ناوەند، هەر سێ لا ئیدارەیەکی هاوبەش بۆ کەرکووک پێکبهێنن و هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کوردی کەرکووک هەست بە بوونێکی بەهێز بکات، بەڵام ئەگەر هەر تەنیا پارێزگارێکی کورد دابنێن، کێشەکان چارەسەر نابن، لەمەش زیاتر دەبێت دەسەڵاتی سەرباز و حەشد جێبەجێ بکات، لەم چوارچێوەیەدا ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک زۆر زۆر گرنگترە لە دانانی پارێزگارێك .

**لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بارودۆخێکی وا لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە لە کەرکووک دروست کراوە کە نایەوێت کورد لەو شارە وجوودێکی کارای لە بەڕێوەبردنی شارەکەدا هەبێت**

*** ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بەهێزترین هاوپەیمانیی شیعە کە هاوپەیمانیی بینایە تێگەیشتنێکی باش لە نێوانیادا هەیە، ئایا ئەم تێگەیشتنە دەبێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی دەرگای چارەسەرکردنی کێشەکان بکاتەوە؟**

- پێش هەموو شت نازانین لە بەغدا بڕیار لەدەستی کێدایە. ئایا لە دەستی ئێران یان ئەمریکادایە؟ ئایا بەدەستی عادل عەبدولمەهدی-یە کە هیچ هێزێکی نییە و هەتا ئێستا دوو وەزارەتی حکومەتەکەی خۆی بۆ یەکلایی نەکراوەتەوە؟ کێشەکە ئەوەیە لە

بەغدا پاشاگەردانیی سیاسی هەیە، بەڵام ئەگەر دیپلۆماتییەتی کورد یەکگرتوو بێت، دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. لە ئێستادا هادی عامری سەرۆکایەتیی هاوپەیمانییەکی بەهێز دەکات و ڕۆڵی کاریگەری خۆی لە سەر سیاسەتی بەغدا هەیە، بۆیە دەکرێت سوودی لێ وەربگیرێت، ئێمە نابێت هەرگیز بەغدا پشتگوێ بخەین، لەبەر ئەوەی کێشەی سەرەکی ئێمە لەگەڵ بەغدایە، ئەوجا مەرج نییە ئەوەی ئێمە دەمانەوێت، دەستبەجێ هەموویمان بۆ جێبەجێ بکەن، یان ئەگەر ئەوان ئاستەنگیان بۆ چارەسەری کێشەیەکی ئێمە دروست کرد، ئێمە لە بەغدا بکشێینەوە، ئەوانەی ئێستا لە بەغدا حوکمرانی دەکەن، مێژوویەکی دوور و درێژی پەیوەندی و هاوخەباتیمان پێکەوە هەبووە پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، پێکەوەش خەباتمان بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعس کردووە، بۆیە دەبێت بەردەوام حزوورێکی جددیمان لە بەغدا هەبێت و لە هەوڵەکانیشمان بەردەوام بین بۆ ئەوەی کێشەکان نەگەنە حاڵەتی چەقبەستن و دواتر نەتوانین چارەسەری بکەین. لە ئێستادا هەموومان دەزانین کە جەنابی بارزانی ڕێزی تایبەتی خۆی هەیە و دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەر بگێڕێت و ڕۆڵی گرنگی دەبێت لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان، ڕاستە کێشەکان هەندێکیان ئاڵۆزن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەتوانرێت چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

*** بێگومان کاتێك بارزانی سەردانی بەغدای کرد، لەوێ ڕایگەیاند کە دەرفەتێکی تازە هاتۆتەپێشەوە و دەبێت سوودی لێوەربگرین، ئایا ئەگەر ئەو دەرفەتە نەبوایە بارزانی سەردانی بەغدای دەکرد؟**

- سەردانی جەنابی بارزانی بۆ بەغدا زۆر گرنگ بوو، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم بەگشتی و کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەتایبەتی بەربەستێکی سایکۆلۆژی لەنێوان ئێمە و بەغدا دروست ببوو، لەسەرووی هەموویانەوە لە نێوان پارتی و بەغدا، بۆیە ئەم سەردانە ئەو بەربەستە سایکۆلۆژییەی سڕییەوە. هەروەها شتێکی گەورە بوو، کە بە شێوەیەکی ئەوەندە بەرز پێشوازی لە جەنابی بارزانی کراو فەرشی سووری بۆ ڕاخرا، کە جێگەی دڵخۆشیی هەمووومان بوو، لەو سەردانە کۆمەڵێك ڕەهەندی گشتی و چارەسەرکردنی کێشەکان باس کراون، ئەمە بۆتە دەروازەیەك بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانی لەگەڵ حکومەتی بەغدا لە ڕێگەی چەند لیژنەیەکەوە بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکان بکەن .

*** ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە حکومەتی عێراق لە پرۆژە یاسای بودجەی ئەمساڵدا ڕایگەیاندووە کە مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە تێکەڵی پرسە سیاسییەکان ناکرێت، ئایا تاچەند ئەمە وەك سەرەتایەکی باش سەیر دەکرێت؟**

- کاتێك باسی حکومەتی ناوەند دەکەین، بە ڕاستی نابێت مەزندەی زۆر شتی گەورەی لێ بکەین، سەیر بکەن، پێشتر پشکی کوردستان لە بودجە ١٧٪ بوو، ئێستا بۆتە ١٢,٦٪، بودجە گەڕێندرایەوە بۆ حکومەت و وتیان دەیکەینە ١٤٪، بەڵام هەروەك خۆی مایەوە، سەبارەت بە مووچەی پێشمەرگە پێشتر کە ئێمە لە بەغدا بووین، وەك سولفە شتێك خەرج دەکرا، بەڵام تا ئێستا وەك مووچەی حەشدی شەعبی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دروست نەکراوە. بەڵام سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە کە لە ململانێی سیاسییەکان هێنراوەتە دەرەوە، ئەمە شتێکی باشە و خراپ نییە، بەڵام ئەمە تەنیا بۆ یەك ساڵە و دەبێت هەر لە ئێستاوە هەوڵەکانمان چڕبکەینەوە و بیر لەوە بکرێتەوە هەوڵە سیاسی و دیپلۆماتییەکانمان بخەینەگەڕ، بۆ ئەوەی ئەمساڵ نەمانتوانی بیخەینە ناو پرۆژە یاسای ٢٠١٩، بتوانین لە پرۆژە یاسای ٢٠٢٠ جێیان بۆ بکەینەوە، هەروەها بە ڕێگەی خەرجی سەرووەریی و حاکیمە فیلێکی گەورەی سیاسی لە کورد کراوە، لەبەر ئەوەی ئەم خەرجییانە زۆر زۆر زیاد کراون و کوردستان لەم دوو پرسەدا هیچی نییە، بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت و دەتوانرێت بە ڕێگەی وەزارەتی دارایی کە ئێستا د.فوئاد حوسێن وەزیری داراییە، پێش ئەوەی پرسی بودجە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت، هەر لەناو حکومەتەوە چارەسەر بکرێت.

**دەبێت پارتی و یەکێتی ڕێکبکەون و وەک پێشان لەگەڵ ئەمریکا و حکومەتی ناوەند، هەر سێ لا ئیدارەیەکی هاوبەش بۆ کەرکووک پێکبهێنن و هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کوردی کەرکووک هەست بە بوونێکی بەهێز بکات**

**بە ڕێگەی خەرجی سەروەریی و حاکمە فیلێکی گەورەی سیاسی لە کورد کراوە، لەبەر ئەوەی ئەم خەرجییانە زۆر زۆر زیاد کراون و کوردستان لەم دوو پرسەدا هیچی نییە**

# هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەی ململانێکانی ناوچەکەدا

ڕۆژهەڵاتی ناڤین هەمیشە مەیدانی ڕاستەوخۆی ململانێی نێوان دەوڵەتان و ئەکتەرەکانی خودی ناوچەکە بووە، یان دەوڵەتانی زلهێز و خاوەن دەسەڵاتی دەرەوەی ناوچەکە لە ڕێگەی (بریکار)ەکانیانەوە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان داوە. ئایا ئەم هەڵکەوتە جیۆپۆلیتیکی و ململانێ مێژووییانە بەشێکن لە هۆکارەکانی دواکەوتن و گەشەنەسەندنی ئەم ناوچەیە، یان دواکەوتوویی ناوچەکە زەمینەی ململانێ و دەستێوەردانەکانی ڕەخساندووە؟ هۆکارەکان هەرچییەک بن، گەلی کوردستانیش وەك ئەکتەرێکی نادەوڵەتی لەم ناوچەیەدا کەم و زۆر، بە خواستی خۆی، یان پێچەوانەی خواستی خۆی بەشێك بووە لەم دۆخە. تەنیا لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا وڵاتێکی وەك عێراق مەیدانی چوار جەنگی خوێناوی بووە. بە پێچەوانەی هەموو ئەو جەنگانەی لەسەر خاکی کوردستان کراون، یان گەلی کورد بەشێك بووە لێیان، ئاکام و ئەنجامی دوا دوو جەنگ کە جەنگی ئازادیی عێراق و جەنگی دژی داعش بوون (سەرەڕای زیانە ماددی و گیانییەکان بەتایبەتی لە جەنگی دژی داعشدا)، تا ئێستا و تا ئەندازەیەکی زۆر لە بەرژەوەندیی کوردستان بە گشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی کۆتاییان هاتووە. ئەم بەشەی کوردستان لە ئاکامی جەنگی ئازادکردنی عێراق بووە خاوەن هەرێمێکی دەستووری لە عێراقدا بووە و ئەکتەرێکی کارای مەیدانی سیاسەت و ئاسایش و ئابووری لە ناوچەکەدا و جەنگی دژی داعش ئەم پێگەیەی بەهێزتر کرد. لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، ئەم پازدە ساڵەی دوایی (٢٠٠٣-٢٠١٨)، پڕ دەستکەوتترین ماوە بووە بۆ ئەم بەشەی کوردستان و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بۆ هەموو کوردستان. بەڵام هێشتا ئەم جەنگانەی باسکران و ئەو شەڕ و ڕاپەڕین وململانێیانەی لە وڵاتانی تری ناوچەکەدا ڕوویان داوە و هەندێکیان بەردەوامن سیستەمی سیاسیی سەقامگیریان نەهێناوەتە ئاراوە و هێشتا دەقێکی جێگیریان نەگرتووە. ئایا پێگەی کورد لە دەق و دۆخە ناوچەیی و جیهانییەکەی ماوەی پازدە ساڵی داهاتوودا چۆن دەبێت و تا چ ڕادە و ئاستێك دەتوانێت نەك تەنیا پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی پازدە ساڵی ڕابردوو بکات، بەڵکو بە ئاراستەی دامەزراندن و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ پلان دابنێ و ئەو پلانانە بکاتە کردار، ڕەنگە تەنیا پرسیار بێت، بەڵام گومانم نییە کە وەڵامەکە دید و بۆچوونی جیاواز لەخۆ دەگرێت و ئەوەی کە هەموو لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە

**ئەو ترافیکە دیپلۆماسییەی لە ماوەی مانگی ڕابردودا رووی کردە هەولێر، ئەوە دەردەخەن کە هەولێریش بەشێکە لەو هاوکێشەیەی کە لایەنەکان خەریکی هاوسەنگکردنین**



## وشیار سیوەیلی

**بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

راستە هاوکێشە و گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندی و پێگەی کورد لەگەڵ دەوڵەتانی زلهێز و کاریگەر کاریگەرییان هەیە لە سەر ئەو ئایندەیە، بەڵام ئەکتەری سەرەکیی سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی گۆڕانکاری و دەرفەتەکان هەر خودی کوردە.

وەك وتمان گۆڕانکارییەکان بەردەوامن و ئەکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لە هەوڵ و کێبڕکێی بەردەوامدان تا پێشهات و رووداوەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان یکلایی بکەنەوە. هێشتا ئەوەی لە سووریا وعێراق و لیبیا و لوبنان و تورکیا و ئێران و تەنانەت میسر و تونس و یەمەن و روودەدەن و شێوە و قاڵبی کۆتاییان وەرنەگرتووە و لە گۆڕانکاریی بەردەوامدان. نموونەیەکی بەرچاوی ئەمەش تویتەکەی سەرۆك ترامپ بوو بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و کاردانەوەی ئەکتەرە ئەکتیڤ و خاوەن بەرژەوەندییەکان بوو بەرامبەر بە بڕیارەکە و کاریگەریی کشانەوەکە و دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام لە باکووری سووریا و لەسەر گەلی کورد لە رۆژئاوا و رۆڵ و پێگەی وڵاتانی وەك ئەمەریکا و تورکیا و سووریا و رووسیا و ئێران و دەوڵەتانی کەنداو و هەندێك لە دەوڵەتانی ئەورووپا و هێزەکانی سووریای دیموکرات لە ناوچە ئارامەکەدا و دواتریش کاریگەریی هەموو ئەمانە لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل مشتومڕ و چالاکیی چڕی دیپلۆماسی هێناوەتە ئاراوە.

لە رۆژانی ١٢-٢/١٣ دا لە وارشۆی پایتەختی پۆڵۆنیا کۆنفرانسێك بە سەرپەرشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەربارەی ئاشتی و ئاسایش لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا دەبەسترێ، جگە لە بەهێزکردنی بەرەی دژی ئێران کێشەکانی تری ناوچەکە بەشێك دەبن لە ئەجێندای کۆنفرانسەکە. ئەگەر ئەو کۆنفرانسە ببەسترێ و ئەکتەرە سەرەکی و گرنگەکان بەشداری تێدا بکەن، ئەوا رەنگە ببێتە سەرەتایەك بۆ تێڕوانین و چارەسەرێکی گشتگیر بۆ کێشەکان.

ئەم هەرێمەی ئێمەش بەشیکە لەوەی روودەدات و بەپێی جێگە و پێگەی خۆمان رۆڵ و کاریگەریمان هەیە. ئەو ترافیکە دیپلۆماسییەی لە ماوەی مانگی رابردودا رووی کردە هەولێر، ئەوە دەردەخەن کە هەولێریش بەشێکە لەو هاوکێشەیەی کە لایەنەکان خەریکی هاوسەنگکردنین. هەرێمی کوردستان وڵاتی لم و مەرگ نییە وەکو سووریا و نەك سەقامگیریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی خۆی دەبپارێزێت، بەڵکو لە ناوچە پڕکێشەکەی رۆژهەڵاتی ناڤینیشدا رۆڵی پۆزەتیڤی دەبێت.

**هەرێمی کوردستان وڵاتی لم و مەرگ نییە وەکو سووریا و نەک سەقامگیریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی خۆی دەبپارێزێت، بەڵکو لە ناوچە پڕکێشەکەی رۆژهەڵاتی ناڤینیشدا رۆڵی پۆزەتیڤی دەبێت**



دواجار پڕۆژە یاسای بودجەی گشتی ٢٠١٩ی عێراق لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرا، کە تێیدا چەندین بڕگەو ماددەی بۆ بەرژەوەندیی کوردی تێدا بوو، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە و تاوتوێکردنی چەندین ماددەو بڕگەی پەیوەندیدار بە هەرێمی کوردستانەوە لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی مەسعود حەیدەر راوێژکاری سەرۆك بارزانی کرد کە لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا بە نوێنەرایەتی جەنابی سەرۆك بارزانی لە بەغدا بووە و لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی دارایی پەرلەمان بەشداری کردووەو توێژینەوەیەکی پێشکەش کردووە کە دەرئەنجام هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق تەبەنیی توێژینەوەکەیان کردووە.

## مەسعود حەیدەر

راوێژکاری سەرۆک بارزانی بۆ گوڵان:

# یەکەم دەرەنجامی سەردانە سەرکەوتووەکەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا جێگیرکردنی مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە بوو

*** لە کۆتاییدا پەرلەمانی عێراق پڕۆژە یاسای بودجەی گشتی ٢٠١٩ی عێراقی پەسەند کرد، دیارە ئەم پڕۆژە یاسایەی بودجە لە کابینەکەی د.عەبادی ئامادە کرابوو، پاشان د.عادل عەبدولمەهدی گێڕایەوە بۆ حکومەت و دەستکاریی زۆری پڕۆژە یاساکەش کراوە، ئایا ئەو دەستکارییانەی لە سەردەمی د.فوئاد حوسێن وەزیری دارایی عێراق بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان کراون، چین؟**

- کاتێك پڕۆژە یاسای بودجە کە لەلایەن حکومەتی پێشووی حەیدەر عەبادی پێشکەش کرا، ئێمە تێبینیمان هەبوو لەسەر ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ مووچەی فەرمانبەران دابین کرابوو، بە فەرمانی جەنابی سەرۆك بارزانی توێژینەوەیەکم ئامادەکردو توێژینەوەکە لەلایەن حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقییەوە تەبەنی کرا، هەروەها ئەندام پەرلەمانی کورد لە لیژنەی دارایی بەپێی ئەزموونیان هەمان تێبینیان هەبوو، ئەوە بوو دەرئەنجام دکتۆر فوئاد حوسێن وەزیری دارایی عێراق تێبینییەکانی ئێمەی بە هەند وەرگرت و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی لە ناو پڕۆژە یاسای بودجەی عێراقدا ڕێکخرایەوە، لەبەرئەوەی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق غەدرێکی زۆری لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم کردبوو، ئەوە بوو حکومەتی عێراقی بەم دەستکارییەوە پڕۆژە یاساکەی بۆ پەرلەمانی عێراق ناردەوەو یاساکە بەو شێوەیە ئێستا هەیە دەرچوو، بەمەش بە ئاگاداری و سەرپەرشتیی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ کابینەی نوێ و وەکو تیمێك بە هەوڵی هەموو لایەکمان و هەماهەنگییەکی باش توانیمان ئەو ژمارەیە دابنێین کە شایستەی راستەقینەی فەرمانبەرانی هەرێمە و وەکو ساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٢ لێبکەین و ئەو سزایەی حەیدەر عەبادی بەرامبەر فەرمانبەرانی کوردستان کردبووی و ژمارەکەی کەم کردبووەوە، ئێمە ئەم غەدرە هەڵبگرین.

*** پەرلەمانتاران باس لەوە دەکەن لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی هەرێمی کوردستان هەر ئەو ریژەیەیە کە لە پڕۆژە یاسای بودجەکەی عەبادی ئامادە کراوە، بەڵام دەستکاری هەندێك بڕگەی دیکە کراوە، هەروەها باس لەوە دەکەن کە ناردنی بڕی پارە بۆ مووچەی فەرمانبەران لەگەڵ ئەوەی زیادی کردووە، بەڵام گرێ نەدراوەتەوە بە ناردنی نەوتی کوردستانەوە، ئایا ئەم گۆڕانکارییانە تا چەند گرنگن؟**

- لێرەدا دوو خاڵ هەن پێویستە ئاماژەیان پێ بکەین:

١. پشکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کابینەکەی حەیدەر عەبادی کە ئێمە بە بەردەوام هەوڵی ئەوەمان دەدا کە لە پڕۆژە یاسای بودجەدا جێگای بکەینەوە، کەچی ئەوان لە دادگای فیدراڵی تانەیان لێ دەدا، لەسەر هێزی پیادەی عێراقی هەژمار دەکرا، بەڵام ئێستا پشکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر کۆی گشتیی هێزە ئیتحادییەکانە و بەپێی دەستوور وەزارەتی بەرگریی عێراق وەزارەتێکی ئیتحادییە، ئەو پشکەی کە بۆ هێزی پێشمەرگە لە بڕگەی ب لە ماددەی ١٠ دانراوە، مانگانە نزیکەی ٦٥ بۆ ٧٠ ملیار دینارە کە بە شێوەیەکی مانگانە دانراوە .

٢. لە دەرئەنجامی ئەو هەماهەنگییەی کە ئاماژەم پێکرد، ئێمە پێشنیارێکمان کرد کە پشتئەستوور بوو بەو مێژوویەی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەگەڵ گەلی کورد و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد هەیەتی و لە دەرئەنجامی ئەو سەردانەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا کردی کە بەستەڵەکی پەیوەندییە خراپەکانی سەروەختی حوکمی حەیدەر عەبادی تواندەوە و هاوکێشەیەکی نوێی سیاسی لە عێراق دروست کرد، ئەوە بوو سەرۆك وەزیران عادل عەبدولمەهدی ئەو پێشنیارەی ئێمەی پێ باش بوو، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەبەنی کردووە، ئەویش دەرهێنانی مووچە بوو لە ململانێ سیاسییەکان و لە هاوکێشەی ڕێککەوتنی نەوتی، ئەوە بوو بە دەقێك ئەوەیان ناردە ناو پەرلەمان، لەناو پەرلەمانیش دیارە کەوا موزایەدەی سیاسی لەناو ماڵی شیعە هەیە و موزایەدەی سیاسیش لە کۆی شەقامی سیاسیی عێراقی هەیە، ئێمەش وەکو نوێنەری جەنابی سەرۆك بارزانی و راوێژکاریش لە بەغدا لەگەڵ دکتۆر ئومێد لە کۆبوونەوەی لیژنەی دارایی بەشداریمان کردووەو لەناو پەرلەمانیش ئامادەییمان هەبووەو بەهەماهەنگی لەگەڵ خوشك و براکانمان لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەوڵمانداوە بودجە بە

**بە ئاگاداری و سەرپەرشتیی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ کابینەی نوێ و وەکو تیمێک بە هەوڵی هەموو لایەکمان و هەماهەنگییەکی باش توانیمان ئەو ژمارەیە دابنێین کە شایستەی راستەقینی فەرمانبەرانی هەرێمە و وەکو ساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٢ لێبکەین**

**پێشبینی دەکەین کە بەو بڕە پارەیەی کە دانراوە بۆ مووچەی فەرمانبەران و لەگەڵ ئەو داهاتانەی دیکەی هەرێمی کوردستان کە هەیەتی، ئەوا بە شێوەیەکی قۆناغبەندی و لە دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێم بارودۆخی دارایی هەرێم باشتر ببێت**

ئاراستەیەك بێت كە لە قازانجی كورد بێت. دەقێك كە نووسرابوو كە ڕەنگە لە داهاتوودا لێكدانەوەی جیاوازی بۆ بكرێت، هەر بۆیە هەوڵێكی زۆرمان دا، بۆ ئەوەی ئەو دەقە یاساییە بە شێوازێك بنووسرێتەوە كە هیچ بوارێك بۆ لێكدانەوەی جیاواز نەبێت، ئێستا پێمانوایە كە ئەوەی نووسراوەتەوە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لە كوردستان بەپێی ئەو خشتانەی كە لەناو پڕۆژە یاساكە هەیە، هەر دەنێردرێت، جگە لەوەی تایبەتە بە پێشمەرگە كە ئەوە سیادییە. بەمشێوەیە پێشبینی دەكەین كە بەو بڕە پارەیەی كە دانراوە بۆ مووچەی فەرمانبەران و لەگەڵ ئەو داهاتانەی دیكەی هەرێمی كوردستان كە هەیەتی، ئەوا بە شێوەیەكی قۆناغبەندی و لە دوای پێكهێنانی حكومەتی هەرێم بارودۆخی دارایی هەرێم باشتر ببێت، ئەمەش هاندەرو پاڵپشت دەبێت بۆ ئەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان چاكسازیی كارگێڕی و دارایی لە هەرێمدا بكات.

*** ئێوە ئاماژەتان بۆ ئەوە كرد كە سەردانی جەنابی سەرۆك یارزانی بۆ بەغدا، بەستەڵەكی پەیوەندییە خراپەكانی تواندەوە، ئایا ئێستا زەمینەی لەبار ڕەخساوە بۆ باشتركردن و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەكانی نێوان هەرێم و بەغدا؟**

- لە ڕاستیدا بە سەردانەكەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا كەشوهەوایەكی سیاسیی ئارام و هێمن دروست بووە و تێڕوانینی سەركردەكانی عێراق و كەسی سەرۆك وەزیرانیش بەو ئاراستەیەیە كە هەموو كێشەكانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بكات و هەنگاوی یەكەمیش ئەوەیە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان خەرج بكرێت، ئێمەش لە چاوەڕوانی ئەوەداین كە ئەوەی لە ناو پڕۆژە یاساكەدا هەبوو، كە ئێستا بۆتە یاسا، جێبەجێ بكرێت و مووچە تێكەڵ بە هیچ هاوكێشەیەكی دیكە نەكرێت، چونكە ئەمە بەرپرسیارێتیی حكومەتی فیدراڵییە.

*** دیارە حكومەتی عێراق لە مانگی نیسانی ساڵی رابردووەوە بڕێك پارە بۆ تەواوكردنی مووچەی فەرمانبەران دەنێرێت، بەڵام سێ مانگی یەكەمی ساڵی رابردووی نەناردووە، ئایا لەم كابینە تازەیەدا باس لەوە كراوە كە ئەو ٣ مانگەش بنێرێت؟**

- لەساڵی ٢٠١٨ و لە دەرئەنجامی ئەو كۆبوونەوەیەی كە لە هەرسێ سەرۆكایەتییەكەی عێراق كردمان و من خۆم لەو كۆبوونەوەیە بەشدار بووم، ئەو كات بڕیار درا ئەو بڕە پارەیەی وەكو مووچە بۆ فەرمانبەران دانرابوو، كە حەیدەر عەبادی كەمی كردبووەوە، خەرج بكرێت، ئەوەی بۆ پێشمەرگە دانرا، مانگانە ٣١٧ ملیار دیناری دەكرد. بەڵام ڕاستە یاسای بودجە لە ١/١ ـەوە دەست پێ دەكات و عێراق لە مانگی ٤ـەوە ناردی، واتا مانگەكانی ١ و ٢ و ٣ ی نەناردبوو، ئێستا لەلایەن وەزیری دارایی هەرێمی كوردستان لەگەڵ دكتۆر فوئاد حوسێن وەزیری دارایی عێراق هەوڵێك هەیە بە ئاگاداری جەنابی سەرۆكی حكومەتی هەرێم و سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ ئەوەی شایستە داراییەكانی ئەو سێ مانگەش خەرج بكرێت، من نازانم هەوڵەكان بە كوێ گەیشتوون، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە ئەمە مافی هەرێمی كوردستانە و مووچەخۆرانی هەرێمە پێویستە حكومەتی عێراقی بۆ هەرێمی خەرج بكات.

*** بابەت و بڕگەكانی بودجە زۆرن، ئایا جگە لە پشكی كوردستان لە بودجەی تەشغیلی، كوردستان هیچ بڕە پارەیەكی دیكەی بۆ تەرخان كراوە، بەتایبەتی پارەی پارێزگاكان، دەرمان، گەنمی جووتیاران؟**

- لە عێراق هەندێك خەرجی هەیە، پێی دەڵێن خەرجییەكانی حاكیمە كە پارەی جووتیاران و گەنم و خۆراك و دەرمان و سووتەمەنی و بابەتی ناكۆكیی مولْكدارییە. بڕە پارەیەك تەرخان كراوە بۆ هەرێم كە ساڵانە ٥٩١ ملیار دینارە، ئەمەش وەكو دەرمان دێت و بەشێكی بۆ كڕینی بەرهەمەكانی جووتیارانە و بەشێكیشی بۆ كڕینی خۆراكە، هەروەها لە عێراق ئەمساڵ نزیكەی چوار تریلیۆن دینار بۆ پەرەپێدانی هەرێمەكان تەرخان كراوە، كە پشكی هەرێمی كوردستان نزیكەی ٥٠٠ ملیار دینارە بۆ هەر چوار پارێزگاكەی هەرێم بە پارێزگای هەڵەبجەشەوە، ئەمەش بەندە بەوەی كە عێراق چ ڕێژەیەك لەو پارە تەرخانكراوانە بۆ پارێزگاكانی دیكە خەرج دەكات، ئەوا هەمان ڕێژەش بۆ پارێزگاكانی هەرێم خەرج دەكرێت. ئەزموونی ئێمە لە بودجەدا ئەوەیە ئەو ژمارانەی لە بودجەدا كە دەنووسرێتەوە، ئەو ژمارانە خەرج ناكرێت، واتا جگە لە مووچەی فەرمانبەران هەرچی مەسەلەی خەرجیی بەكارخستن و وەبەرهێنان و پەرەپێدانی هەرێمەكان و نەفەقاتی حاكیمەش

**جگە لە مووچەی فەرمانبەران هەرچی مەسەلەی خەرجی بەكارخستن و وەبەرهێنان و پەرەپێدانی هەرێمەكان و نەفەقاتی حاكیمەش هەیە، وەكو خۆی خەرج ناكرێت و ئەوەی خەرج دەكرێت زۆر كەمترە**

**لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دەركردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق و دانانی بە هەرێمی كوردستان وەكو هەرێمێكی سەربەخۆ لەناو دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، هەر یاسایەک بە یاسای ژێرخانیشەوە كە دەردەچێت، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بكات كە هەرێمی كوردستان هەیە و ئیعتیباری خۆی بۆ بكات**

هەیە، وەکو خۆی خەرج ناکرێت و ئەوەی خەرج دەکرێت زۆر کەمترە، بەڵام تێڕوانینی ئێمە بۆ ئەم بابەتە و بە حوکمی ئەوەی لە دوو هەفتەی ڕابردوودا بە نوێنەرایەتی جەنابی سەرۆك بارزانی لەبەغدا بووین و بەشداری چەندین کۆبوونەوەی سیاسیمان کردووە، بە فەرمانی جەنابی بارزانی بەدواداچوونێکی جدیمان بۆ دۆسێی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و پێشمەرگە کردووە، بەتایبەتی دوای سەردانەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا کەشوهەوایەکی سیاسیی لەبار و گونجاو هەیە بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، سەردانەکەی جەنابیان ژینگەیەکی لەباری ڕەخساندووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی نێوان هەولێرو بەغدا و ئەوەتا سەرەتاکەی جێگیرکردنی مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگەی لێکەوتۆتەوە لەناو بودجەی گشتی عێراقدا، بگرە ئەم بابەتە توانرا جیا بکرێتەوە لە ململانێ و کێشە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و عێراق.

*** ئێستا لە پەرلەمان باس لە دەرچوونی یاسای ژێرخانی ئابووری (البنیە التحتیە) دەکرێت، ئایا گرنگیی ئەم یاسایە بۆ کوێی عێراق بەگشتی چییە و ئەگەر ئەم یاسایە پەسەند کراو دەوڵەتان قەرزێکی زۆریان بە عێراق دا، ئایا کوردستان پشکی لێی دەبێت؟**

- کێشەکە ئەوەیە کە هێشتا عێراق نەبووەتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، ئەمە کێشەی گەورەی ئەم وڵاتەیە ؛ هەر بۆیە زۆربەی ئەو یاسایانەی هەن، یان دەریان دەکات بەسەر چەند بەشێکدا دابەش بوون؛ بەشێکی یاساکانی دەوڵەتی عوسمانییە و بەشێکی دیکەی یاساکانی دوای ساڵی ١٩٢١ ـە کە عێراق وەکو دەوڵەت دروست بووەو تا ئێستا ئەو کولتوورە ئیداری و تەشریعییەی هەیە لە عێراقدا مۆرکێکی مەرکەزی پێوەیە. بەڵام لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دەرکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق و داننان بە هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ لەناو دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، هەر یاسایەك بە یاسای ژێرخانیشەوە کە دەردەچێت، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکات کە هەرێمی کوردستان هەیە و ئیعتیباری خۆی بۆ بکات، لەبەر ئەوەی لە یاسای بودجەشدا هەندێك پرۆژە هەیە لە عێراقدا لە هەرێمەوە بۆ پارێزگای بەسرە، پێی دەوترێت پرۆژەی ستراتیژی کە ڕەنگدانەوەی هەیە بۆ هەموو ناوچەکانی عێراق وەکو دروستکردنی بەنداوەکان و هێڵی شەمەندەفەر و پرۆژەکانی ڕێگاوبان و چەندین بواری دیکە، بەڵام تا ئێستا هەموو ئەم خاڵانە وەکو پێویست کاریان پێ نەکراوە، تەنانەت هەوڵێکی زۆر دراوە، هەرێمی کوردستان لەم پرۆژانە بێبەش بکرێت. هەر بۆیە ئەگەر عێراق وەکو یەکەیەکی تەواوکاریی ئابووری سەرتاسەری تەماشا بکرێت، دەبێت دەسەڵاتدارانی بەغدا ڕەچاوی ئەوە بکەن کە هەرێمی کوردستان بووژانەوەی ئابووریی زیاتری هەیە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەن ئەو بوارانەی کە دەکرێت لە کوردستاندا پرۆژەی ستراتیژی لێ دروست بکرێت و کاری لەسەر بکرێت لە ڕێگەی یاسایەکی لەم شێوەیە بودجە تەرخان بکرێت بۆ دروستکردنی پرۆژەی ستراتیژی بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر تەواوی ناوچەکانی دیکەی عێراق هەبێت.

*** لەسەر پرسی کەرکووك بەتایبەتی پترۆدۆلار؛ وەك باس دەکرێت، بەسرە پارەی پترۆدۆلاری لە بودجەدا بۆ تەرخان کراوە، بەڵام دەڵێن ئەمە بۆ کەرکووك تەرخان نەکراوە، چۆن دەبێت ئەوە بۆ شارێك هەبێت و بۆ شارێکی دیکە نەبێت؟**

- ئەوەی من لێی ئاگادار بم، جیاوازی نەکراوە، پرسیار ئەوەیە ئەمە چۆن خەرج دەکرێت، لە یاساکەدا بڕی ٥٪ی پیترۆدۆلار تەرخان کراوە بۆ هەموو ئەو شارانەی نەوتی خاو بەرهەم دەهێنن، یان پاڵاوتگەیان تێدایە، لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر داهاتی عێراق زیاتر بوو لەوەی خەمڵێنراوە ئەو کات لە ٢٠٪ی بۆ پرۆژە لەو شارانەدا تەرخان دەکرێت، ئەزموونی ئێمە لە ساڵانی ڕابردوودا ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لەو بڕگانەی کە لە یاسای بودجەدا دەنووسرێتەوە هەر لە پرۆژە و خەرجی سەروەری و حاکیمە و تەنانەت بەکارخستنیش خەرج ناکرێت و جێبەجێ ناکرێت، تەنانەت پارەی پیترۆدۆلاریش بۆ ئەو پارێزگایانەی نەوتی خاو بەرهەم دەهێنن، یان پاڵاوتگەی تێدایە وەکو خۆی خەرج ناکرێت.

*** کەواتە ئەوەی لە حیساباتی خیتامیدا دەردەکەوێت، ئاستی جێبەجێکردنی پرۆژەکەیە لە ئەرزی واقیعدا، واتا توانای دارایی حکومەت لە کۆتایی ساڵدا دەردەکەوێت، ئایا ئەمە مەترسی**

**لە یاساکەدا بڕی ٥٪ی پیترۆدۆلار تەرخان کراوە بۆ هەموو ئەو شارانەی نەوتی خاو بەرهەم دەهێنن، یان پاڵاوتگەیان تێدایە، لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر داهاتی عێراق زیاتر بوو لەوەی خەمڵێنراوە ئەو کات لە ٢٠٪ی بۆ پرۆژە لەو شارانەدا تەرخان دەکرێت**

**لە باشترین حاڵەتدا وەزارەتی دارایی دەتوانێت ٨٠ بۆ ٨٥ تریلیۆن خەرج بکات و لەم بڕە پارەیەش ٦ تریلیۆنی بۆ خەرجی حاکیمە و ٢٠ تریلیۆنی بۆ خەرجی سەروەریی و ٢-٣ تریلیۆنی بۆ پەرەپێدانی هەرێمەکان دەبێت و ٥٦-٥٧ تریلیۆنی دەمێنێتەوە کە ٤٣ ترلیۆنی بۆ مووچەی فەرمانبەرانە، بە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیشەوە**

**بۆ سەر مووچەی فەرمانبەرانیش نابێت کە تا ئێستاش ئێمە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کێشەمان لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور و یاساکان هەیە؟**

- لە یاساکە ٤٣ تریلیۆن دینار بۆ مووچەی فەرمانبەران دابین کراوە، لەسەر بنەمای ئەو پلە وەزیفییانەی لەناو یاساکەدا دانراوە، لە عێراقدا نزیکەی ٢ ملیۆن و٩٩٠ هەزار فەرمانبەر هەیە و ٦٨٢ هەزار فەرمانبەری بە پلەی وەزیفی جیاواز لە ناو پرۆژە یاساکەدا دانراوە، لەسەر ئەو بنەمایە پارە بۆ مووچەی فەرمانبەران دانراوە. واتە ئەولەوییەت بۆ خەرجکردنی مووچەیە و دواتر پارە بۆ وەبەرهێنان و بڕگەکانی دیکە دادەنرێت، بەشێوەیەکی گشتی یاسای بودجە نەخشەڕێگایەکە و چوارچێوەیەکە بۆ حکومەت و نابێت لەو چوارچێوەیە دەربچێت، بەڵام ئێمە زانیارییەکانی چوار ساڵی رابردووی وەزارەتی داراییمان لایە و لەم رووەوە دەتوانین بڵێین کە لە باشترین حاڵەتدا وەزارەتی دارایی دەتوانێت ٨٠ بۆ ٨٥ تریلیۆن خەرج بکات و لەم بڕە پارەیەش ٦ تریلیۆنی بۆ خەرجی حاکیمە و ٢٠ تریلیۆنی بۆ خەرجی سەروەریی و ٢-٣ تریلیۆنی بۆ پەرەپێدانی هەرێمەکان دەبێت و ٥٦-٥٧ تریلیۆنی دەمێنێتەوە کە ٤٣ ترلیۆنی بۆ مووچەی فەرمانبەرانە، بە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیشەوە، ئەوی دیکەی بۆ خەرجی بەکارخستن و وەبەرهێنان بەکار دێت، بۆیە لەم پرۆژە یاسایەی بودجەی ٢٠١٩ بڕە پارەیەکی زیاتر بۆ پەرەپێدانی هەرێمەکان دیاری کرا، چونکە تێڕوانینێکی وا هەبوو کە عێراق ناتوانێت پارەیەکی زۆر بۆ وەبەرهێنان خەرج بکات، بەڵکو پێویستە هەوڵ بدرێت لە رێگەی پەرەپێدانی هەرێمەکانەوە بازاڕی هەلی کار لە عێراقدا بجووڵێت و پارە تەرخان بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوە.

**■ ماددەی ٣٠ لە دەستووری عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە فەرمانبەرانی دەوڵەت نابێت بەشێک لە ململانێ سیاسییەکان بێت و دەوڵەتی فیدراڵ بەرپرسە لەوەی مووچە بۆ هەموو فەرمانبەرانی عێراق دابین بکرێت**


**■ حکومەتی عێراقی لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو ناهەقیی زۆری بەرامبەر خەڵکی کوردستان و مووچەخۆرانی هەرێم کردووە**

*** لەم بارودۆخەدا ئایا دەکرێت بوترێت پەسەندکردنی بودجەو جێگیرکردنی ئەو بڕگەو ماددانەی لە بەرژەوەندیی مووچەخۆران و هێزەکانی پێشمەرگە و کوردستاندایە، سەرەتایەکە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی دیکە، بەتایبەتی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم؟**

- ماددەی ٣٠ لە دەستووری عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە فەرمانبەرانی دەوڵەت نابێت بەشێك لە ململانێ سیاسییەکان بێت و دەوڵەتی فیدراڵ بەرپرسە لەوەی مووچە بۆ هەموو فەرمانبەرانی عێراق دابین بکرێت، کەچی حکومەتی عێراقی لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو ناهەقیی زۆری بەرامبەر خەڵکی کوردستان و مووچەخۆرانی هەرێم کردووە، بەڵام وەکو لە سەرەتای دیمانەکەماندا ئاماژەم پێکرد، ئێستا ژینگەیەکی لەبار هەیە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بێگومان دەکرێت دەروازەی ئابووری بکرێتە دەروازەی چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان بەو ئومێدەی ساڵی ٢٠١٩ بارودۆخەکە بەرەو باشی بچێت و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش لەو بارودۆخەی لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر تێی کەوتووە، دەربازی بێت و گۆڕانکاری بەسەردا بێت و یەکێك لە داواکارییە سەرەکییەکانی جەنابی سەرۆك کە بە شاندێك ئێمە لەگەڵ جەنابیدا چووینە بەغدا، ئەوە بوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بگەڕێتەوە ناوچە جێناکۆکەکان و بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراقدا ئەو ناوچانە بپارێزرێت و مەلەفی ئەمنی ناوشارەکان بدرێتەوە پێکهاتەکانی شارەکە، ئەم دیدگایە لە سەر ئەرزی واقیع وردە وردە خەریکە دەردەکەوێت و ئێمە گەشبینین بە چارەسەری ئەو بابەتە و ئەمە دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی ئەو گرژییەی دروست ببوو لەنێوان هەرێم و بەغدا. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم کە دیدگای دۆستەکانی کورد و عێراق ئەوەیە کە پێویستە ئەم کێشانە بە هاوبەشی چارەسەر بکرێت و ناوچەکان بە هاوبەشی بەڕێوە ببرێن و قەناعەتێکی وا دروست بووە کە هێزە عێراقییەکان بەتەنیا ناتوانن ئاسایش و سەقامگیریی ئەو ناوچانە بپارێزن، بۆیە بوونی هێزی پێشمەرگەی پێویستە، هەموو ئەو ناوچانەش بەپێی دەستوور ناوچەی کێشە لەسەرن و بە ناوچە جێ ناکۆکەکان ناو دەبرێن. ئێمە بۆچوونمان وایە کە لە کۆتاییدا ئەو واقیعە دروست دەبێت، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بگەڕێتەوە و بە هاوبەشی پارێزگاری لە ئاسایش بکەن، خەڵکیش نەك تەنیا لە شاری کەرکووك، بەڵکو لە هەموو ناوچە جێ ناکۆکەکان پێکهاتەکانی خۆیان بتوانن ئیدارەی شارەکانی خۆیان بکەن.

# توێژینەوەی ئەکادیمی و ئاسایشی نەتەوەیی

## لەگەڵ ئاماژەپێکردنێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان



**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

مەبەست لە توێژینەوەی ئەکادیمی وەك دامەزراوەیەکی پەیوەست بە کارو چالاکی و میکانیزمەکانی خوێندنەوە و توێژینەوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و پرۆژەکان و بەرنامەکانی ئەکادیمی بۆ مەسەلەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بە مەبەستی چارەسەرکردن و گەشەپێدانە.

میکانیزمە سەرەکییەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی خۆی دەبینێتەوە لە زانکۆکان لەبواری خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا) لەبوارە جیاجیاکانی ئەکادیمی. هەروەها خۆی دەبینێتەوە لە سەنتەرەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی، وەك دامەزراوەی تایبەت بە توێژینەوە و سیاسەتەکانی توێژینەوە و شیکردنەوە و ڕاویژکاری، وە بە بازنەی پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵگەی ئەکادیمی و دامەزراوەکانی دارشتنی بڕیاری سیاسی هەژمار دەکرێن.

بەردەوامیی توێژینەوەی ئەکادیمی خۆی

**پێشقەچوونێکی بەرچاو هەیە لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە بارەی مەسەلەکانی ئاسایش (نزیکەی ٧٥ تاکو ١٠٠ نامەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر نووسراوەتەوە**

**مەسەلەکانی ئەمنی بەشێکی گرنگی سەنتەرەکانی دراسات: (سیاسی، یاسایی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هەرێمی و نێودەوڵەتی) لە کوردستان پێکدەهێنن کە نزیکەی (٢٥) سەنتەر دەبێت**

**شیکردنەوەی یاساکانی پەیوەست بە دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکان، هەرچەندە زۆر لە بابەتەکانی ئەم یاسایانە بواری بەپیتن بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی، بەڵام بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی کاری ئەوتۆی لەسەرنەکراوە**

**پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە کەوا دامەزراوەیەکی (ئەکادیمیی نیشتمانی پەیوەست بە کاروباری ئەمنی و بەرگری) دابمەزرێت، هەروەک لە زۆرینەی وڵاتان هەیە**

دەبینێتەوە لە: (ژمارەی دامەزراوە ئەکادیمییەکان، ژمارەی توێژینەوە ئەکادیمییەکان، گۆڤاری ئەکادیمی، بودجەی توێژینەوەی ئەکادیمی، مەسەلەکانی خوێندنی باڵا، دامەزراوەی زانستی و تەکنەلۆجیاو داهێنان، شەراکەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە نێوان دامەزراوەی ئەکادیمی و دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە).

هەروەها بوونی: (کۆنفرانسی ئەکادیمی، وۆرکشۆپی ئەکادیمی، پانێڵەکانی ئەکادیمی، پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەکادیمی) بە دیاردەکانی تویژینەوەی ئەکادیمی هەژمار دەکرێن. دامەزراوەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی لەوانەیە سەربەخۆ بن، یان سەربە حکومەت بن، یان زانکۆکان، کۆمپانیاکان، حزبە سیاسییەکان، یان لەوانەیە نیمچە حکوومی بن بە هاوبەشی لەنێوان حکومەت و دامەزراوەکانی دی. هەرچۆن بێت سەنتەرەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە توێژینەوەو شیکردنەوەی ئەکادیمی و دیاردەی هاوبەشی گشتییە لە تێکەڵکردنی زانیاری و بەڵگە و شارەزایی بە مەبەستی کاریگەریکردن لە پرۆسەی دارشتنی سیاسەتەکان.

لەم چوارچێوەیەدا تێگەیشتنی هاوچەرخ بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لەدابینکردنی قەوارەیەکی ستراتیژی بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە (سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکیان) لە چوارچێوەیەکی نێوخۆی پەیوەست بە مەسەلەکانی (دیموکراسیەت، مافەکانی مرۆڤ، دامەزراوەکان). هەروەها چوارچێوەی دەرەکی بریتییە لە: (رێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، پەیوەندییە دیپلۆماسی و کونسوڵگەرییەکان، هەرێمی، دوو قۆڵی، سیاسی و ئابووری و پیشەسازی.

چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەست بە گۆرانکارییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتیی تازە: جیهانگیری، دەستتێوەردانی مرۆیی، چاکسازی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، تیرۆری نێودەوڵەتی، پێکهاتە ئاڵۆزەکانی ئیتنیکی، کێشەکانی کۆچ و پەناهەندەیی، مەسەلەکانی چەك و مادده هۆشبەرەکان، چەکی کیمیایی و ئەتۆمی، قەرزی نێودەوڵەتی، سیستەمی زانیاری، ئەمانە هەموویان بابەتە زیندووەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کیاناتی سیاسین و سەنتەرەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی کاری لەسەر دەکەن، یان زانکۆکان لە تێزەکانی ماستەر و دکتۆرا یان (لە بازنە ئەکادیمییەکان، وۆرکشۆپی ئەکادیمی، مێزگەردی ئەکادیمی، سیمینار و کۆنفرانسی ئەکادیمی، پانێڵی ئەکادیمی).

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین چەندە پەیوەندیی قووڵ هەبێت لە نێوان دامەزراوەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی (کۆمەڵگەی ئەکادیمی) و دامەزراوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی (دەزگا ئەمنی و میلیتارییەکان) بەو میکانیزمانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ئەوا کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی سەقامگیری (ئەمنی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و...هتد) هەنگاو دەنێت.

لەچوارچێوەی ئەو دەروازەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، دەتوانین شیکردنەوە و خوێندەوە بکەین لە هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراوە ئەکادیمیەکان و دامەزراوە ئەمنییەکان لە روانگەی پەیوەندی و هەماهەنگی لەنێوانیاندا. لەسەرەتاوە ئەم دامەزراوانە بە یاسا رێکخراون. یاسای پەیوەست بە دامەزراوە ئەکادیمییەکانیش بریتییە لە: ((یاسای وەزارەتی خویندنی باڵا ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)، یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (٢٠٠٨)، یاسای پێدانی ناسناوی زانستی بە کارمەندانی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٢) )). وە یاساکانی پەیوەست بە دامەزراوە ئەمنییەکان بە پلەی سەرەکی بریتییە لە: ((یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١١)، یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە(٥) ی ساڵی (٢٠١١)، هەروەها یاسای پەیوەست بە وەزارەتەکانی پێشمەرگە، ناوخۆ....)).

لە ئاستی دامەزراوە ئەکادیمییەکان (زانکۆکان، سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی، بۆردی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی زانستی). ئەوەی بەدی دەکرێت پێشڤەچوونێکی بەرچاو هەیە لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە بارەی

مەسەلەکانی ئاسایش (نزیکەی ٧٥ تاکو ١٠٠ نامەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر نووسراوەتەوە، هەروەها سەنتەرەکانی ئەکادیمیی نزیکەی (١٥٠) چالاکی ئەکادیمی خۆی هەیە، جگە لەو توێژینەوە ئەکادیمییانەی کە لە گۆڤارە زانستییەکان بڵاوکراونەتەوە. وە مەسەلەکانی ئەمنی بەشێکی گرنگی سەنتەرەکانی دراسات: (سیاسی، یاسایی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هەرێمی و نێودەوڵەتی) لە کوردستان پێکدەهێنن کە نزیکەی (٢٥) سەنتەر دەبێت.

لەبەرامبەردا شیکردنەوەی یاساکانی پەیوەست بە دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکان، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە هەرچەندە زۆر لە بابەتەکانی ئەم یاسایانە بواری بەپیتن بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی، بەڵام لەلایەن ئەم دامەزراوانە کاری ئەوتۆی لەسەرنەکراوە بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی، هۆکاری سەرەکییش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە دامەزراوەی پێویست نەبووە بۆ پێگەیاندنی کادری ئەمنی لە رووی ئەکادیمییەوە، کە بە شێوەی سەرەکی پشت ببەسترێت بە دەرچووانی کۆلێژەکانی پۆلیس و سەربازی و دەرچووانی کۆلێژەکانی تریش. وە بەردەوامیدان بە مەشق و خولی تایبەت بەم بوارە. بەڵام ئەمە هەنگاوێکە لە هەنگاوەکان و پێویست بەوە دەکات لەمەشدا ئەزموونی هەرێمی کوردستان کە خۆی دەبینێتەوە لە نزیك (٣٠) ساڵ دەوڵەمەندتر بکرێت و بیر لەوە بکرێتەوە کەوا دامەزراوەیەکی (ئەکادیمیی نیشتمانی پەیوەست بە کاروباری ئەمنی و بەرگری) دابمەزرێت، هەروەك لە زۆرینەی وڵاتان هەیە. وە مەبەستی سەرکی لەو دامەزراوە نیشتمانییە ئەوە بێت کە کادری ئەمنی و ئەکادیمی ئامادە بکرێت لە رووی بڕوانامەی بەرز (ماستەر، دکتۆرا)، جگە لەمەش ئەوەی تێبینی دەکرێت، دەربارەی دامەزراوە ئەکادیمییەکان نەبوونی سەنتەرەکانی توێژینەوەی ئەکادیمیی ئەمنییە پەیوەست بە دراساتی ستراتیژی: ئەمنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هەرێمی، نێودەولەتی)یە. لەم روانگەیەش پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە بە مەبەستی ئامادەکردنی کادری دیپلۆماسی بۆ دەرەوە، هەنگاو بنرێت بەرەوە دامەزراندنی (پەیمانگەیەکی دیپلۆماسی).

چونکە دیپلۆماسیەت بە یەکێك لە بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەژماردەکریت، پاڵپشت بە هێز و ئابووری بە بۆچوونی هاوچەرخ بۆ ئەمنی قەومی.

بۆیە لە دەرئەنجامدا بە پێویستی دەزانین پێداچوونەوەیەك بە یاسای دامەزراوە ئەکادیمییەکان و ئەمنییەکانیش بکرێت، وە پێگەیەکی گونجاو بدۆزرێتەوە لەم بوارەدا لەبەر رۆشنایی ئەزموونی زۆر لە وڵاتان، چونکە بۆچوونی فراوان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە شیکردنەوەی کۆمەڵێك دامەزراوە کە پێکدێن لە دامەرزاوەکانی دارشتنی بریار، وە دامەزراوەی ئابووری، دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، دامەزراوەی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ، دامەزراوەی راگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی و رای گشتی، وە دامەزراوەی دیپلۆماسی. ئەم دامەزراوانە هەموویان پاڵپشتین بۆ دامەزراوەکانی ئەمنی و بەرگری.

لێرەدا تەنیا مەبەستمان دامەزراوە ئەمنییەکان نییە، بەڵکو دامەزراوەکانی تری دەسەڵاتی سیاسی وەك: پەرلەمان، حکومەت، سەرۆکایەتیی هەرێم دەبێت بەلایەنی کەمەوە (تیمی ئەکادیمی)یان هەبێت لە مەسەلەکانی ئاسایشی نەتەوەیی.

لەلایەکی ترەوە کاتی ئەوە هاتووە بیرلەوە بکرێتەوە کە (ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی) لە هەرێم دابمەزرێت بە شێوەیەك کە دامەزراوەیەکی نیشتمانی بێت و بریتی بێت لە: (گرووپی وەزاری، گرووپی سەربازی، گرووپی ئەمنی، ئەزموونی پسپۆڕەکانی ئەمنی و بەرگری، سەنتەری شیکردنەوەکان). بۆ ئەم مەبەستە سوود لە ئەنجومەنی ئاسایشی هەریم وەربگیردرێت بۆ قۆناغی داهاتوومان. هەروەها سوود لە ئەزموونی زۆر لە وڵاتان وەربگیردرێت بە رەچاوکردنی تایبەتمەندیەتی هەرێمی کوردستان.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین: ئەم پێشنیار و بۆچوونانە بۆ دەوڵەمەندکردنی بواری سەقامگیری و ئەمنیی هەرێمی کوردستانە کە دەبێت لەم رووەوە رۆڵی دامەزراوە ئەمنییەکان بەرز بنرخێندرێت، بەتایبەت ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

**بە مەبەستی ئامادەکردنی کادری دیپلۆماسی بۆ دەرەوە، پێویستە هەنگاو بنرێت بەرەوە دامەزراندنی (پەیمانگەیەکی دیپلۆماسی). چونکە دیپلۆماسیەت بە یەکێک لە بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەژماردەکریت**

**کاتی ئەوە هاتووە بیرلەوە بکرێتەوە کە (ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی) لە هەرێم دابمەزرێت بە شێوەیەک کە دامەزراوەیەکی نیشتمانی بێت و بریتی بێت لە: گرووپی وەزاری، گرووپی سەربازی، گرووپی ئەمنی، ئەزموونی پسپۆڕەکانی ئەمنی و بەرگری، سەنتەری شیکردنەوەکان**

**چەندە پەیوەندیی قووڵ هەبێت لە نێوان دامەزراوەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی (کۆمەڵگەی ئەکادیمی) و دامەزراوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی (دەزگا ئەمنی و میلیتارییەکان) ئەوا کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی سەقامگیری (ئەمنی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و...هتد) هەنگاو دەنێت**



### لەناو داهێنانەکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی

# ئەندازیار لەبری سیاسەتمەدار بڕیار لەسەر چارەنووسی مرۆڤایەتی دەدات



**سەرۆكی خاوەن لۆژیک ئەوەیە زۆر بە خێرایی نەتەوەکەی لە دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم پێشکەوتنە زۆر خێرایەی شۆڕشی چوارمی تەکنەلۆژیا بپارێزێت و بگەڕێتەوە بۆ ناو بەها باڵاکانی بیری نەتەوەیی خۆی**

جۆزیف نای دیپلۆمات و بیرمەندی زانستی سەربازی و ستراتیژی، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە لە ساڵی ٢٠١١ بە ناونیشانی (ئایندەی هێز — The Future of Power) نووسیویەتی، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە شۆڕشی چوارەمدا وایکردووە، کە هێز لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەڵات بگوازرێتەوە و لە کاراکتەری دەوڵەتییشەوە بگوازرێتەوە بۆ کاراکتەری غەیرە دەوڵەتی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەر بە هۆی ئەم پێشکەوتنەوە شتێك نەماوە پێی بگوترێت نهێنیی دەوڵەت، یان حکومەت، ئەمرۆ حکومەت کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەکات، یان سەرۆك وەزیران ئیمەیلێك بۆ هاوشانەکەی خۆی لە وڵاتێکی دیکە دەنێرێت، هەر دەستبەجێ، ویکلیکس وەك گۆرانییەکی (لەیدی گاگا) بە هەموو جیهاندا بڵاوی دەکاتەوە. هەروەها ئەو سوودانەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا پێشکەشی خۆشگوزەرانیی مرۆڤایەتی دەکات، بەهەمان شێوە ئەم پێشکەوتنە دەکەوێتە دەستی تاوانباران و تیرۆریستان و دەتوانن بە ئاسانی ئایندەی مرۆڤایەتی پێ کاول بکەن. لە هەموو ئەم وەرچەرخانەی هێزیش کە ئەم کتێبە سەبارەت بە وەرچەرخانی هێز باسی دەکات، تەنیا دەیەوێت یەك پەیام بە هەموو مرۆڤایەتی بدات، کە چیدیکە تەنیا دەوڵەتێك، یان چەند دەوڵەتێك سۆپەرپاوەر نابن و، لەوانەیە هێزێك دروست بێت کە دەوڵەتانی سۆپەرپاوەر و کۆی دەوڵەتانی جیهان لە ئاستیدا دەستەوەستان بن.

**پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا، میدیای لە دەسەڵاتی چوارەمەوە گۆڕی بۆ (میدیای چەواشەکار - FAKE NEWS)، ئەمەش بووە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیەی کە رای گشتی لە رۆژئاوا چەواشەکاری ئاراستەی بکات و متمانە لەناو سیاسەتدا بوونی نەمێنێت**

ئەگەر سەیری ئەم پێشبینییانەی کتێبی (ئایندەی هێز) بکەین، تەنیا لە ماوەی ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ و، ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا ئەو هۆکارانە چین کە ئەگەر لەسەر پاشماوەی رێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە و رێکخراوی تیرۆریستیی داعش دروست ببێت، ١٠٠ هیندەی ئەلقاعیدە و داعش مەترسی لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتی بەگشتی و ئایندەی سیستمی دیموکراتی و رۆژئاوا دروست دەکات؟ بێگومان پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئاشکرایە کە رێکخراوی تیرۆریستیی داعش کە لە سەرەتای ٢٠١٤ خۆی راگەیاند، لە بنەڕەتدا هەر بەشێك بوو لە رێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە لقی عێراق، وەك تۆماس فریدمان-یش دەڵێت، هەر کە داعش ئاڵا رەشەکەی (الله اکبر) بەرز کردەوە، ئیدی خەڵکێکی زۆری ئەو گوندنشینانەی سووریا کە بە هۆی وشکەساڵییەوە روویانکردبووە شارەکان و چەند ساڵێك بوو حکومەتی بەشار ئەسەد نەیتوانیبوو کێشەکانیان چارەسەر بکات، ئەوانەش دوای داعش کەوتن. بەڵام پرسیارەکەی ئێمە ئەوە بوو: چی وایکرد ئەم وەرچەرخانە مەترسیدارە لە رێکخراوی تیرۆریستیی قاعیدە دروست بێت و داعش دابمەزرێت؟ تۆماس هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ سێ خاڵی سەرەکی کە بریتین لە:

١. بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و گۆڕانگارییەکانی کەشوهەوای جیهان (Mother Nature)، دیارە ئەم گۆڕانکارییە، جیهانی خستۆتە دووڕیانێکی گەورەی مەترسیدار و دەوڵەتانی پیشەسازییش دەستەوەستانن لە دانانی سنوورێك بۆ ئەم گۆڕانکارییە کە نموونەی ئەو گۆڕانکارییەی کەشوهەوای جیهان، ئەو وشکەساڵییە بوو کە ماوەی چەند ساڵێك تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەستیەوە دەیناڵاند.

٢. بازاڕی جیهانی (Market)، بێگومان ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی لە بازاڕ و ئابووریی جیهان بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و جیهانگیرییەوە دروست بووە و شێوازی بیرکردنەوەی هەر تاکێکی گۆڕیوە و پەیوەندیکردنی ئاسان کردووە، بۆیە زەمینەی گۆڕانکاری دروست کردووە.

٣. ئەو پێشکەوتنە زۆر خێرایەی تەکنەلۆژیایە کە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە (یاسای مۆر- Moore›s law) هەر ٢٤ مانگ جارێك دوو هێندەی خۆی خێراتر دەبێت، ئەوجا گۆردن مۆر لە ساڵی ١٩٦٥ ئەم یاسایەی داناوە و دەڵێت: هەر ٢٤ مانگ جارێك توانای ترانزیستۆرێك دوو هێندەی خۆی زیاد دەکات، ئەوجا ئەگەر ساڵی ١٩٦٥ بە ساڵی ٢٠١٩ بەراورد بکەین، دەبینین تواناکان نزیکەی ٣٠ جار و هەر ٢٤ مانگ جارێك دوو هێندەی خۆی زیادی کردووە.

بۆ تێگەیشتن لەو مەترسییەی کە ئەم خێراییەی (یاسای مۆر) دروستی دەکات، فریدمان بەسەرهاتی داهێنەری شەترەنج و شای فارس-مان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ئەو کەسەی شەترەنجی دروست کرد، یەکەم شەترەنجی وەك

دیاری پێشکەشی شای فارس کرد، دوای ئەوەی شا لە گەورەیی و گرنگی شەترەنج تێگەیشت، بە داهێنەرەکەی گوت: لە پاداشتی ئەم داهێنانە گەورەیە چ دیارییەکت بدەمێ؟ دیارە شا مەزندەی کردبوو، داوای هەندێك زێر بکات، بەڵام داهێنەرەکە پێی دەڵێت: من پیاوێکی هەژارم لەماڵەوە برنجمان نییە، لەسەر هەموو شەترەنجەکە ٦٤ چوارگۆشەیە، لە چوارگۆشەی یەکەم دوو دەنك برنج دابنێ و لە چوارگۆشەی دووەم بیکە چوار و لە چوارگۆشەی سێیەم بیکە بە هەشت، هەتا چوار گۆشەی کۆتایی لە هەر چوارگۆشەیەك برەکە بکە بە دوو ئەوەندە، دیارە شا لە سەرەتا پێکەنینی بەمە هاتووە، بۆیە دەستبەجی رازی دەبێت، پاش ماوەیەك دەستوپێوەندەکانی دێنەوە لای شا پێی دەڵێن، ئەگەر ئەمەی بدەێنی ئیمپراتۆریەتی فارسی ئیفلاس دەکات، لەبەر ئەوەی لە چوارگۆشەی ٦٤، ژمارەکە دەکاتە ژمارەی یەك (١) کە ١٩ سفری لەبەردەمدا بێت.

مەترسیی گەورەی خێرایی بەپێی یاسای مۆر لە نیوەی دووەمی چوارگۆشەکانی شەترەنجەکە دەست پێدەکات، کە ئێستا مرۆڤایەتی بەرەو نیوەی دووەمی چوارگۆشەکانی شەترەنجەکە هەنگاو هەڵدەگرێت.

کاریگەریی ئەم سێ خاڵە کە هەرسێکیان دەرهاویشتەی ئەو خێراییە مەترسیدارەی یاسای مۆرە لە شۆڕشی چوارەمی تەکنەلۆژیادا، زۆر گرنگن و تێکەڵاوی هەموو جومگەکانی ژیانی هەر تاکێکی ئەم جیهانە بووە و (زیرەکی دروستکراو _ Artificial intelligence) بە ڕێگەی تەکنەلۆژیا گۆڕانکاری لە ناو جەستە و دەماغی مرۆڤدا دروست کردووە و لەگەڵ ئەوەی ئەو پێشکەوتنە زۆر خێرایە چەندین سوودی گرنگی بۆ مرۆڤایەتی دروست کردووە بەڵام لە هەمانکاتدا هەڕەشەیەکی گەورەشی لەسەر رۆح و ئایندەی مرۆڤایەتی هێناوەتەئاراوە.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پرسیاری سەرەتامان، بەوەی ئایا چۆن لە ماوەی ٢٠١١-٢٠١٤ ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش دروست بوو؟ چۆن ئەو هەموو گەنجە لە وڵاتانی رۆژئاوا کە تێیاندا بووە، نەوەی سێیەمی هاووڵاتیی ئەو وڵاتانە بوون، گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە شوێن داعش بکەون و لەو وڵاتانەوە بێنە عێراق و سووریا و خۆیان بتەقێننەوە؟ ئەوا وەڵامی ئەم پرسیارانە پەیوەست دەبن بەو گۆڕانکارییانەی لە دوای ٢٠١١ لە ئایدیۆلۆژیەتی سەلەفی جیهادی لەسەر ئاستی جیهان هاتەئاراوەو بناخەی ئەم گۆڕانکارییانەش لە پێشکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەست پێدەکات، کە سەلەفییە جیهادییەکان لە راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیدا کاریگەرییە گەورەکەیان بینیبوو، ئەم گۆڕانکارییانەش بریتی بوون لە:

١. بە سوودوەرگرتنی فراوان لە هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، شێوازی کارکردنی خۆیان لە ستوونییەوە گۆڕی بۆ ئاسۆیی، ئەمەش بەو مانایەی پێشتر سەلەفییە جیهادییەکان چاوەڕێی مەرجەع بوون، هەتا فەتوایان بۆ بدات، بەڵام لە دوای ئەم گۆڕانکارییە گرووپی بچووك پێکەوە بە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییان بە یەکەوە دەکرد و فەتوایان بۆ خۆیان دەدا.

٢. پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا، هەم کاری دروستکردنی فیلمی ڤیدیۆی زۆر ئاسان کرد، هەمیش بڵاوکردنەوەی زۆر ئاسان کرد لە ڕێگەی (یوتوب — Youtube)ـەوە، تیرۆریستانی داعش لەو ڕێگەیەوە سوودێکی هێجگار زۆریان هەم بۆ ترساندنی خەڵك و هەم بۆ راکێشانی خەڵك بۆ لای خۆیان وەرگرتووە.

٣. بە سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا چەندین یاریی ئەلیکترۆنییان دروست کردو ئەم یارییانەیان بە ڕێگەی ئەنتەرنێت لە هەموو جیهاندا بڵاو کردەوە و یارییەکانیش لەنێوان دوو کارەکتەری ئەلیکترۆنی گەمەی پێ دەکرا، کە بانگەشەی بۆ سەرکەوتنی (ئیمان بە سەر کفر)دا دەکرد، بەمەش توانییان سەرنجی گەنجێکی زۆر لە رۆژئاوا بۆ خۆیان رابکێشن.

٤. پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا، میدیای لە دەسەڵاتی چوارەمەوە گۆڕی بۆ (میدیای چەواشەکار - Fake News)، ئەمەش بووە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیەی کە رای گشتی لە رۆژئاوا چەواشەکاری ئاراستەی بکات و متمانە لەناو سیاسەتدا بوونی نەمێنێت، ئەمەش هێندەی دیکە زەمینەی بۆ گەشەکردنی داعش دروست کرد.

٥. سوودوەرگرتن لە بازاڕی جیهانی و

**ئێمە لە میانەی ئەزموونی حوکمڕانی لە کوردستاندا، چ کاتێک شاندەکانی وڵاتانی رۆژئاوا کە دەهاتن بۆ کوردستان، یان چ کاتێک شاندەکانی ئێمە دەچوونە دەوڵەتانی رۆژئاوا، بەردەوام هەوڵی ئێمە بۆ ئەوە بوو کە قەناعەتیان پێ بکەین، ئێمە ئەزموونێکی دیموکراتیمان دەست پێکردووە و دەمانەوێت کۆپی سیستمی رۆژئاوا بکەین، لەسەر ئەم بنەمایە داوای یارمەتی و پاراستنی هەرێمەکەمان لە جیهان دەکرد**

**هەر نەتەوەیەک بگەڕێتەوە بۆ بەهاکانی بیری نەتەوەیی (ناشنالیزم)ی خۆی، دەبێت بەو بەهایانە سیستمێکی حوکمڕانی دروست بکات و پیشانی جیهانی بدات، هەروەها دەبێت شانازی بەوە بکات کە حوکمڕانییەکەی بەرهەمی بەها باڵاکانی بیری نەتەوەیی خۆیەتی، نەک کۆپی نەتەوەیەکی دیکە بێت**

**ئەگەر هاوپەیمانی (بینا) بە سەرۆکایەتی هادی عامری بیەوێت بە یەکجاری حوکمڕانیی شیعە لە عێراقدا کۆتایی نەیەت، ئەوا دەبێت خۆی دەستپێشخەر بێت بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور کشانەوەی هێزەکانی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئەمە نەکات، ئەوا ناتوانێت لە عەبادی باشتر حوکمڕانی بکات و سەرەنجامیش هەر ناڕەزایی شارە شیعەنشینەکانی باشوور حکومەتەکەی دەڕووخێنن**

**عەبادی پێیوابوو بە داگیرکردنەوەی ئەو بەشەی کوردستان و کۆتاییهاتنی شەڕی داعش وەک پاڵەوانی شەڕ و پاڵەوانی نەتەوە، هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨ دەباتەوە، بەڵام جیا لەوەی هاوپەیمانییەکەی تەنیا ٤٣ کورسی لە کۆی ٣٢٩ کورسیی پەرلەمانی عێراق لە پلەی سێهەم بەدەستهێنا، لە هەمانکاتدا پێش ئەوەی حکومەت پێکبهێنرێت، هاوەپەیمانییەکەی لەبەریەک هەڵوەشایەوەو تەنیا یەک دوو کورسی بۆ مایەوە**

گواستنەوەی پارە بە ئاسانی و دەستکەوتنی پێداویستییەکانیان هەر بە ئاسانی.

٦. سوودوەگرتن لە گۆڕینی کەشوهەوای جیهان و ئەو دەرهاویشتانەی وەك وشکەساڵی و لافاو و کارەساتی دیکەی سرووشتی دروستی دەکات.

دوای ئەم هەموو فاکتەرانە کە ئەو هۆکارانە دروستی کردوون، تیرۆریستانی داعش هەموویان بۆ ئەو مەبەستە پێکەوە گرێدرا و بەرگێکی ئایدیۆلۆژییان بە بەردا کرد و، پاشانیش ئەو کارەساتەیان لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٤ — تا ئێستا دروست کردووە کە بەشی هەرە زۆری گرووپە تیرۆریستییە چەکدارەکان لە پاکستانەوە تا نەیجیریا بەیعەتیان بە داعش داوە، لە سەرانسەری جیهانیشدا ئەوانەی کە خۆیان بە سەلەفی جیهادی دەناسێنن، بەشی هەرە زۆریان خۆیان وەك شوێنکەوتووی داعش پێناسە دەکەن.

کەواتە ئەگەر پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا و گەیشتنی ئاستی (زیرەکی دروستکراوی ئەلیکترونی) گەیشتبێتە ئەو ئاستەی ( ئۆتۆمبێلی بێ شوفێر) دروست بکات و زیرەکیی ئەم ئۆتۆمبێلە لە زیرەکیی مرۆڤ زیاتر بێت، هەروەها ئەگەر ئەم تەکنەلۆژیایە تیکەڵاوی بایەلۆژی بووبێت و توانرابێت سەدان نەخۆشیی ترسناك چارەسەر بکرێت، بەڵام لەبەرامبەردا ئەم تەکنەلۆژیایە دەگاتە دەستی تاوانبار و تیرۆریستانیش و ئەوانیش دەتوانن بە دیوە خراپەکەیدا بەکاری بهێنن و کارەسات بۆ مرۆڤایەتی دروست بکەن.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا ئەقڵی سەلەفی جیهادی داعشی دروست کردووە بەو ترسناکییە، یان ئەقڵی ئەو ئەندازیارەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پارەی ئەلیکترۆنی و کڕینی ئۆنلاین و گەمە ئەلیکترۆنییەکانی دروست کردووە، دیسان بە دیوە باشەکەیدا، ئایا ئەقڵی پزیشك و بەرنامەی دەوڵەت، چارەسەری نەخۆشی ئاسان کردووە و تەمەنی مرۆڤی درێژتر کردووە، یان ئەقڵی ئەو ئەندازیارەی کە پێشکەوتنی زانیاری کردۆتە (تەکنەلۆژیای نانۆ) بە رێگەی تەکنەلۆژیا دەستکاری ئەندازەی جینەکان دەکات، ئایا دەوڵەتانی رۆژئاوا کە ٧٠ ساڵە بەرگری لە سیستمی لیبراڵی جیهان دەکەن، خۆیان کۆبوونەوە و بڕیاریان دا واز لەو سیستمە بهێنن کە پێیان دەگوت: «سیستمی نوێی جیهان»، یان پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا وایکرد کە ئەو سیستمە توانای جڵەوگیرکردنی کێشەکانی لەسەر ئاستی جیهان نەمێنێت و لەسەر ئاستی ناوخۆش نایەکسانی دروست ببێت. ئەم پرسیارە بێ وەڵامانە کە هەموو جیهانی سەرقاڵ کردووە، هەموو ساڵێك باسی گەرمیی کۆڕبەندی ئابووریی داڤوس و کۆنفرانسی میونشنە بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی، وێڕای ئەوەی زانایانی هەموو بوارەکانی زانست و سەرکردەکانی هەموو جیهان بەشداری تێدا دەکەن، بەڵام لە ئاستی ئەم پێشکەوتنە خێرایە دەستەوەستانن.

## ● سیاسەت و حوکمڕانی لەناو شۆڕشی چوارمی پیشەسازیدا

ئەگەر ئەندازیار مارك زوکربیرك دامەزرینەری تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك پلانی ئەوەی هەبێت هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکاتە (کۆمەڵگەیەکی ئۆنلاین) و ئەم کۆمەڵگەیەش فەیسبووك سەرکردایەتی بکات، ئایا ئەم ساتەوەختە چ جیاوازییەکی لەگەڵ ساتەوەختی دوای رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان هەیە، کە جورج بوشی باوك بە سەرۆکایەتی ئەمریکا جاڕی سیستمی نوێی جیهانی دا، کە ئەویش هەر ئامانجی ئەوە بوو، حکومەتێکی گلۆبالی بۆ هەموو جیهان دروست بێت و ئەمریکا سەرکردایەتی بکات.

جیاوازیی نێوان (کۆمەڵگە ئۆنلاین) ـە جیهانییەکەی زوکربیرك و حکومەتە گلۆباڵییەکەی جورج بوش، ئەوەیە نزیکەی سێ دەیە لەمەوبەر سیاسەت بڕیاری لەسەر ئایندەی جیهان و مرۆڤایەتی دەدا، بەڵام ئێستا ئەندازیارێك کاریگەریی لە سەر جیهان دادەنێت، ئەوجا ئەگەر لەنێوان داهێنەر و ئەندازیار و سیاسەتمەداردا بەراوردێك بکەین، ئەوا بیرمەندان ئەو راستییە ناشارنەوە، کە داهێنەر کاتێك شتێکی نوێ دادەهێنێت، زۆر بە پەلە بڵاوی دەکاتەوە، ئەندازیاریش هەر ئەوەندە بە رێگەی ئەو داهێنانانە ئامێرێکی تازەی دروست کرد، ئیدی ئەویش بێ ئەوەی بیر لە هیچ بکاتەوە و ئاکامی بەکارهێنانی جۆراوجۆری ئەم ئامێرە

چۆن دەبێت، لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بە سەدان ملیۆن دانەی لێ دروست دەکرێت و بە هەموو بازاڕەکانی جیهاندا بڵاو دەکرێتەوە.

فرانسیس فۆکۆیاما لە توێژینەوەیەکیدا کە لە ساڵی٢٠١٢ لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بە ناونیشانی (ئایندەی مێژوو . ئایا لیبراڵ دیموکراتی ئەو توانایەی هەیە داکشانی چینی ناوەند رزگار بکات؟ ) بڵاوی کردۆتەوە، راشکاوانە ئەو پرسیارە دەورووژێنێت: بۆچی لایەنگرانی (تی پارتی ) لە ساڵی ٢٠٠٨ و لە ئاکامی تەنگژەی ئابووری خۆپیشاندانیان سازکرد، (بۆرسەکانی وۆڵ ستریت)یان سووتاند؟ ئایا سووتاندنی ئەم بۆرسانە، سیناریۆیەکی هاوشانی سندوقە چاکان نیە کە لە بەندەری بۆستن بە ئاهەنگگێران فڕێیان دایە ناو ئاو و بووە بڵێسەی شۆڕشی ئەمریکا و رزگاربوونی لە ژێر دەستی بەریتانیا؟ پێش وەڵامدانەوەی هەردوو پرسیارەکە، پرسیاری ئێمە لە توێژینەوەکە ئەوەیە، بۆچی کاتێك فۆکۆیاما بیر لە ئایندەی مێژووی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی دەکاتەوە، بە سووتاندنی (وۆڵ ستریت) لەلایەن لایەنگرانی تی پارتییەوە دەست پێ دەکات؟ ئایا بۆرسەکانی ئەو شوێنە چ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵگە و سیاسەت و حوکمڕانی و نادادپەروەری لە دژی هاووڵاتیانی ئەمریکاوە هەیە؟

بێگومان بە پێکەوە گرێدانەوەی سندوقە چاکانی نزیکەی ٢٣٠ ساڵ لەمەوبەر بە سووتاندنی چەند ساڵ لەمەوپێشی (وۆڵ ستریت)، فۆکۆیاما دەیەوێت پێمان بڵێت: لە ساڵی ١٧٧٣ ئەمریکییەکان هەستیان کرد، داگیر کراون و دەبێت خۆیان خاوەنی حکومەت و حوکمڕانیی خۆیان بن، هۆکارەکەشی ئەوە بوو حکومەتی بەریتانیا باجی لەسەر چا زیاد کردبوو، بۆیە چاکانیان فڕێ دایە ناو ئاوەکە و شۆڕشیان دەست پێ کرد، لە ساڵی ٢٠٠٨یش کە تەنگژە گەورە ئابوورییەکە روویدا و راستەوخۆ کاریگەری لەسەر داهاتی تاکەکەسیی ئەمریکییەکان کرد، دیسان ئەمریکییەکان هەستیان کرد، ئەمجارەیان حکومەتیان هەیە، بەڵام حکومەتەکەیان بە جۆرێك دوچاری چەقبەستن بۆتەوە کە وەك ئەوەیە حکومەت بوونی نەبێت و، هۆکاری ئەم نەبوونی حکومەتەش ئەوەیە دەرهاویشتە خراپەکانی جیهانگیری (بازاڕی جیهانی ) و پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا وایکردووە کە دیسان ئەمریکا وەك داگیرکراو وابێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەمریکا بانگەشە بۆ سەرکردایەتیی هەموو جیهان دەکات.

بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا و جیهانگیری چ پەیوەندییەکی بە داکشان، یان نەمانی چینی ناوەندەوە هەیە، کە چینی ناوەند بە بڕبڕەی پشتی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی دادەنرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە فۆکۆیاما خۆی دەیداتەوە و دەڵێت: ئەندازیارانی سلیکۆن ڤالی کاتێك بەیانیان دەچنە سەر کارەکانیان بیر لەوە دەکەنەوە بۆ دوای نیوەڕۆ چەند هەزار کەس بێکار بکەن، ئەمەشی بەو مانایە بەکارهێناوە هەموو رۆژێك ئەندازیارەکانی سلیکۆن ڤالی هێندە ئامێرەکان پێش دەخەن و ئامێری تازە دروست دەکەن، کە هێندەی ئامێرەکەی دوێنی پێویستی بە دەستی کار، یان هۆشیاری چینی ناوەند نەبێت، بۆیە ئەگەر ئەم پێشکەوتنە زۆر خێرایە بەمجۆرە بەردەوام بێت، ئەوا (زیرەکی دروستکراوی ئەلیکترۆنی ) بە تەواوەتی جێگەی چینی ناوەند دەگرێتەوە، کە چینی ناوەندیش نەما، ئەوا سیستمێك نامێنێت ناوی سیستمی دیموکراتی بێت. ئەوجا لەبەر ئەوەی شوێنی بە بازاڕکردن و بازرگانی پێکردنی ئەم پێشکەوتنە خێرایەی تەکنەلۆژیا بورسەکانی (وۆڵ ستریت)ە، ئەوا ئەو شوێنە وەك بکوژی سیستمە دیموکراتییەکە لەلایەن لایەنگرانی تی پارتییەوە سەیرکراوە.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە بگەڕێینەوە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی حزبە سیاسییەکانی ئەمریکا، (پێش دەرکەوتنی ترەمپ )، ئایا ئیدارەی ئۆباما لە ماوەی هەشت ساڵی حوکمڕانیدا توانی بڕیار بدات و مەترسییەکانی (ووڵ ستریت) و (سلیکۆن ڤالی ) چارەسەر بکات؟ بێگومان هەموو بیرمەندانی ئەمریکی و جیهانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نەك هەر پێی چارەسەر نەکراوە، بەڵکو ئەو دەستوورەی کە ئەمریکییەکان وەك (کتێبی پیرۆز) سەیری دەکەن، هیندە بێ بایەخ بووە، کە بێجگە لە کۆمەڵێك وشەی نووسراو هیچ کارێکی پێ ناکرێت، بەڵام ئەگەر پرسیار لە بارەی سەردەمی ترەمپ بکەین، کە ئەمریکییەکان لەسەر بنەمای دروشمی (ئەمریکا

**لەوانەیە یەکێک لە سوودەکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی و ناچاربوونی دەوڵەتان بۆ گەڕانەوە بۆ ناشنالیزم ئەوە بێت، کە چیدیکە هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت نەتەوە، یان دەوڵەتێکی دیکە داگیربکات، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی توانای داگیرکردنی نییە، بەڵکو داگیرکاری و داگیرکردن، سیستمە سیاسییەکەی خۆی لە ریشەوە هەڵدەکێشێت**

**ئایا بەبێ حزبی سیاسی، یان فرەحزبی شتێک بوونی دەبێت کە ناوی سیستمی دیموکراتی بێت؟ بێگومان مێژووی ئەمریکا پێمان دەڵێت: بەڵێ، دەکرێت، لەبەر ئەوەی هەتا ئەبراهام لنکۆڵن شۆڕشی کۆیلایەتی لە سەدەی نۆزدەهەم راگەیاند، ئەمریکا هەر یەک حزبی سیاسی هەبووە و هەر چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردنیش کراوە و سەرۆک هەڵبژێردراوە**

یەکەم) دەنگیان پێ دا، ئایا ترەمپ دەتوانێت کێشەکانی (وۆڵ ستریت) و (سلیکۆن ڤالی) چارەسەر بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ترەمپ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و لە ماوەی دووساڵی یەکەمی حوکمڕانییەکەیدا بە ئاشکرا داویەتەوە کە ناتوانێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات، بۆیە دەیەوێت ئەمریکا لە دەرهاویشتە خراپەکانی جیهانگیری و پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا رزگار بکات. بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە: کە پێشکەوتنە زۆر خێراکانی تەکنەلۆژیا هەموو جومگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و سیاسەت و حوکمڕانی و سیستمی جیهانی گرتبێتەوە، ترەمپ چۆن دەتوانێت ئەمریکا لە دەرهاویشتە خراپەکانی رزگار بکات؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگەش تۆماس فریدمان لە کتێبی (سوپاس بۆ دواکەوتنت) دەیداتەوە کە دەبێت مرۆڤ و حکومەت و دەوڵەتیش، بۆ ساتێك لە پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا خۆی دابڕێت و بیربکاتەوە بۆ ئەوەی (بزانێت خۆی کێیە)، ئەم بۆچوونەی فریدمان کە تەواو تەواو لەگەڵ پرسیارە بەناوبانگەکەی هنتنگتن (ئێمە کێین؟) یەك دەگرێتەوە، شێوازێکی بیرکردنەوەی ئەوتۆ بۆ تاك و کۆمەڵگە و حکومەت و دەوڵەت دروست دەکات، کە سەرلەنوێ هەموو ئەم چەمکانە لەناو بیری نەتەوەیی خۆیدا پێناسە بکاتەوە. بەڵام بیری نەتەوەیی (ناشنالیزم) بۆ گەلێکی وەك ئەمریکا کە لە بنەڕەتدا نەتەوەی نییە و لە کۆمەڵێك گرووپی جۆراوجۆری پەنابەر پێکهاتووە، مانای چییە؟ هنتنگتن لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا لە ساڵی ٢٠٠٥ گووتویەتی: لە ئەمریکا دوو جۆر پەنابەر هەن، ئەوانەی لە سەرەتا کۆچیان کردووە بۆ ئەمریکا و لەوێ نیشتەجێ بوون، ئەوا هەڵگری کەلتووری ئەنگلۆسەکسۆنین و بە هاووڵاتی رەسەنی ئەمریکا حیساب دەکرێن و ئەوان خاوەنی ئەمریکان و هەر ئەوانیش ئەم سیستەمیان دامەزراندووە کە هەموو جیهان شانازی پێوە دەکات، بەڵام ئەوانەی دوای دروستبوونی ئەمریکا لە ماوەی ١٠٠-١٢٠ ساڵی رابردوو هەتا ئێستا کۆچیان بۆ ئەمریکا کردووە، ئەوانە پەنابەرن و دەبێت بە زمانی ئینگلیزی قسە بکەن و کەلتووری ئەمریکایان قبووڵ بێت کە کەلتووری ئەنگلۆسەکسۆنییە.

ئەم گەڕانەوەیە بۆ ناشنالیزم، لەدیدی هەر دوو حزبی دیموکراتی و بەشێکی بەرچاوی حزبی کۆمارییش وەك شێتییەکی سیاسی و دەستبەرداربوون لە دیموکراتی و گەڕانەوە بۆ دواوە لە قەڵەم دراوە، ئێستاش لای ئەوان هەر بەوجۆرە لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام ئەم مۆدێلە لەبەر ئەوەی گەڕانەوەیە بۆ لۆژیکی جۆرج واشنتۆن و نەمانی حزب لە کۆمەڵگەی ئەمریکادا لەلایەن ئەمریکییە سپی پێستەکانی هەردوو حزبەوە دەنگی پێ درا، بۆیە ترەمپ هەڵبژاردنەکانیشی بردەوە.

بەڵام دیسان پرسیاری دیکە ئەوەیە: (کۆتایی حزب - The party is over) مانای کۆتاییهاتنی سیاسەت نییە ؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا سیناتۆری خانەنشین مایك لۆفگرن خاوەنی هەر دوو کتێبی (کۆتایی حزب و دەوڵەتی قووڵ)، راشکاوانە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، هەردوو حزبی دیموکراتی و کۆماری، ئەوجا هەر کامیان لە دەسەڵاتدا بێت و هەر کامیان لە ئۆپۆزسیۆن بێت، نە وەك حوکمڕان سیاسەت دەکەن، نە وەك ئۆپۆزسیۆن، لەبەر ئەوەی خۆیان بوونەتە بەشێك لەو دەوڵەتە قووڵەی کە رێگە نادەن حکومەتی ئەمریکا کارەکانی خۆی هەڵبسوورێنێت، گرنگە حزبی لەمجۆرە کۆتاییان پێ بێت. بەڵام ئایا بەبێ حزبی سیاسی، یان فرەحزبی شتێك بوونی دەبێت کە ناوی سیستمی دیموکراتی بێت؟ بێگومان مێژووی ئەمریکا پێمان دەڵێت: بەڵێ، دەکرێت، لەبەر ئەوەی هەتا ئەبراهام لنکۆڵن شۆڕشی کۆیلایەتی لە سەدەی نۆزدەهەم راگەیاند، ئەمریکا هەر یەك حزبی سیاسی هەبووە و هەر چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردنیش کراوە و سەرۆك هەڵبژێردراوە، تەنانەت کە ئەلکسی توکوفیل کتێبی (دیموکراتییەتی ئەمریکا)ی نووسی بۆ ئەوەی ئەو سیستەمە لە فەرەنسا کۆبکاتەوە، هێشتا لە ئەمریکا بوونی نەبووە و ئەلکسی تۆکۆفیل لە ساڵی ١٨٥٩ کاتێك کۆچی دوایی کرد، هێشتا لنکۆڵن شۆڕشی کۆیلایەتی رانەگەیاندبوو.

**● نەتەوە هەژار و دواکەوتووەکان لە ناو گێژاوی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازیدا**

لەوانەیە یەکێك لە سوودەکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی و ناچاربوونی دەوڵەتان بۆ

**پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا، هەم کاری دروستکردنی فیلمی ڤیدیۆی زۆر ئاسان کرد، هەمیش بڵاوکردنەوەی زۆر ئاسان کرد لە رێگەی (یوتوب – YOUTUBE)ـەوە، تیرۆریستانی داعش لەو رێگەیەوە سوودێکی هێجگار زۆریان هەم بۆ ترساندنی خەڵک و هەم بۆ راکێشانی خەڵک بۆ لای خۆیان وەرگرتووە**

گەڕانەوە بۆ ناشنالیزم ئەوە بێت، کە چیدیکە هیچ دەوڵەتێك ناتوانێت نەتەوە، یان دەوڵەتێکی دیکە داگیربکات، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی توانای داگیرکردنی نییە، بەڵکو داگیرکاری و داگیرکردن، سیستمە سیاسییەکەی خۆی لە ریشەوە هەڵدەکێشێت، باشترین نموونەش کە لە ئێمەوە نزیك بێت، هێرشی حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی بوو لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بۆ سەر کوردستان، عەبادی پێیوابوو بە داگیرکردنەوەی ئەو بەشەی کوردستان و کۆتاییهاتنی شەڕی داعش وەك پاڵەوانی شەڕ و پاڵەوانی نەتەوە، هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨ دەباتەوە، بەڵام جیا لەوەی هاوپەیمانییەکەی تەنیا ٤٣ کورسی لە کۆی ٣٢٩ کورسیی پەرلەمانی عێراق لە پلەی سێیەم بەدەستهێنا، لە هەمانکاتدا پێش ئەوەی حکومەت پێکبهێنرێت، هاوپەیمانییەکەی لەبەریەك هەڵوەشایەوەو تەنیا یەك دوو کورسی بۆ مایەوە. ئێستاش ئەگەر هاوپەیمانی (بینا) بە سەرۆکایەتی هادی عامری بیەوێت بە یەکجاری حوکمڕانیی شیعە لە عێراقدا کۆتایی نەیەت، ئەوا دەبێت خۆی دەستپێشخەر بێت بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و کشانەوەی هێزەکانی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئەمە نەکات، ئەوا ناتوانێت لە عەبادی باشتر حوکمڕانی بکات و سەرەنجامیش هەر ناڕەزایی شارە شیعەنشینەکانی باشوور حکومەتەکەی دەڕووخێنن.

بەڵام لایەنی خراپی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی بۆ نەتەوەی هەژار و دواکەوتوو، ئەوەیە کاتێك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەری دەرهاویشتە خراپەکانی شۆڕشی چوارەم پیشەسازی بەتایبەتی دەرهاویشتە خراپەکانی (گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوای جیهان، بازاڕی جیهانی، پێشکەوتنە زۆر خێراکانی تەکنەلۆژیا) ئەو نەتەوانە لەناو ئەو کۆبووانە بوونیان نابێت و پرسیان پێ ناکرێت، بۆیە ئەوان هەر بریارێك بدەن، دەبێت نەتەوە هەژار و دواکەوتووەکان جێبەجێی بکەن، ئەگەر جێبەجێیشی نەکەن، پەراوێز دەخرێن و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت.

ئەم ئاراستەیە مانای سیاسەت و حوکمڕانی لە دەوڵەتانی هەژار و دواکەوتووشدا گۆڕیووە، هەر بۆ نموونە ئێمە لە میانەی ئەزموونی حوکمڕانی لە کوردستاندا، چ کاتێك شاندەکانی وڵاتانی رۆژئاوا کە دەهاتن بۆ کوردستان، یان چ کاتێك شاندەکانی ئێمە دەچوونە دەوڵەتانی رۆژئاوا، بەردەوام هەوڵی ئێمە بۆ ئەوە بوو کە قەناعەتیان پێ بکەین، ئێمە ئەزموونێکی دیموکراتیمان دەست پێکردووە و دەمانەوێت کۆپی سیستمی رۆژئاوا بکەین، لەسەر ئەم بنەمایە داوای یارمەتی و پاراستنی هەرێمەکەمان لە جیهان دەکرد، بەڵام لەم دوو ساڵەی دوایی واتە لە ٢٠١٧ ـەوە تا ئێستا، جیهان و بەتایبەتیش ئەمریکا و رۆژئاوا لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵە لەگەڵ هیچ دەوڵەتێك ناکەن و ئەمەش ناکەنە پێوەر بۆ شێوازی مامەڵەکردنیان بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بەڵکو ئاراستەکە بەوجۆرەیە هەر نەتەوەیەك بگەڕێتەوە بۆ بەهاکانی بیری نەتەوەیی (ناشنالیزم)ی خۆی، دەبێت بەو بەهایانە سیستمێکی حوکمڕانی دروست بکات و پیشانی جیهانی بدات، هەروەها دەبێت شانازی بەوە بکات کە حوکمڕانییەکەی بەرهەمی بەها باڵاکانی بیری نەتەوەیی خۆیەتی، نەك کۆپی نەتەوەیەکی دیکە بێت.

ئەم وانەیە کە ئەندازیارەکانی شۆڕشی چوارمی تەکنەلۆژیای بەسەر سەرجەم دەوڵەت و حوکمڕانییەکاندا دروستی کردووە، ئەوان چاوەڕێی ئەوە ناکەن سیاسییەکان، یان سەرۆك دەوڵەتەکان ئەم بڕیارە پەسەند دەکەن، یان نە، بەڵکو ئەوان بڕیاری خۆیان داوە و رۆژانە دەرهاویشتە خراپەکانی بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا بڵاو دەبێتەوە، بۆیە سەرۆکی خاوەن لۆژیك ئەوەیە زۆر بە خێرایی نەتەوەکەی لە دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم پێشکەوتنە زۆر خێرایەی شۆڕشی چوارمی تەکنەلۆژیا بپارێزێت و بگەڕێتەوە بۆ ناو بەها باڵاکانی بیری نەتەوەیی خۆی و، سەرۆك وەزیرانی وڵات کاتێك لە ژوورەکەی خۆی دادەنیشێت و بەرنامە بۆ کاری رۆژانەی ئۆفیسەکەی دادەڕێژێت، دەبێت وابیر بکاتەوە لەم جیهانەدا یەك نەتەوە هەیە، ئەویش نەتەوەکەی خۆیەتی، ئەم هەموو پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیاش دەبێت هەمووی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی بەکار بێنیت و رێگە نەدات دەرهاویشتە خراپەکانی حکومەت و نەتەوەکەی لەگەڵ خۆی رابماڵێت.

**سەرۆک وەزیرانی وڵات کاتێک لە ژوورەکەی خۆی دادەنیشێت و بەرنامە بۆ کاری رۆژانەی ئۆفیسەکەی دادەڕێژێت، دەبێت وابیر بکاتەوە لەم جیهانەدا یەک نەتەوە هەیە، ئەویش نەتەوەکەی خۆیەتی، ئەم هەموو پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیاش دەبێت هەمووی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی بەکار بێنێت و رێگە نەدات دەرهاویشتە خراپەکانی حکومەت و نەتەوەکەی لەگەڵ خۆی رابماڵێت**

دیمانەی تایبەت

جێراڵد فێرشتاین

باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە یەمەن بۆ گوڵان:

# ناڕوونی سیاسەتی ئەمریکا مەترسیدارە بۆ سەقامگیریی ناوچەکە

جێراڵد فێرشتاین جێگری سەرۆکی ئەنستیتیوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە واشنتۆن دی سی. بۆ ماوەی ٤١ ساڵ کاری سیاسی و دیپلۆماتی کردووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا- لە ساڵی ٢٠١٦ خانەنشین بووە بە پلەی وەزیر-، لە ساڵی ٢٠١٠دا، سەرۆك باراك ئۆباما جێراڵد فێرشتاینی وەك باڵیۆزی ئەمریکا لە یەمەن دامەزراند کە تاوەکو ساڵی ٢٠١٣ لەم پۆستەدا مایەوە. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٣ەوە تاوەکو خانەنشین بوونی، بووە جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی نزیك. هەروەها رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پەرەپێدان و جێبەجێکردنی سیاسەت و پرۆگرامی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی. بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی ئەمنیی ئەمریکا، هاوکاری ئیقلیمی، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا کە تەوەرەکانی پتر پەیوەست بوون بە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دۆخی ئێستای ئەم ناوچەیە و ئەو ئەگەر و پێشهاتانەی دەکرێت لە ئایندەدا رووبدەن.



*** وەك کەسێکی شارەزا و دپیلۆماتکارێکی گەورەی ئەمریکی کە پێشتر باڵیۆزی ئەمریکا بوویت لە وڵاتی یەمەن، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە گەورەترین کێشە و تەحەددیی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چین؟**

- پێموایە گەورەترین کێشە و تەحەددیی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوەیە کە دیار نییە ئایا دەقاودەق ئەم سیاسەتە چییە، واتە ڕوون نییە سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا چییە. چونکە ئێمە بینیمان پێشتر ئەمریکا پێداگری دەکرد لەسەر هێشتنەوەی هێزەکانی لە سووریا تاوەکو تێکشکاندنی داعش و کۆتاییهێنان بە بوونی وەکیلەکانی ئێران لەو وڵاتەدا، بەڵام ئەوەتا سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دێت و بە بێ ڕاوێژکردن لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارەکەی، یان هاوبەش و هاوپەیمان و دۆستەکانی لە ناوچەکە و لە جیهاندا، ڕایدەگەیەنێت کە لە سووریا دەکشێتەوە.

*** باشە نەبوونی سیاسەتێکی ڕوون و جێگیر لەلایەن هێزێکی گەورە و دەستڕۆیشتووی وەك ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چ کاریگەری و دەرهاویشتەیەکی لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتی بڕیاری کتوپڕی کشانەوە لە سووریا؟**

- لە ڕاستیدا ئەم چەشنە ڕاگەیاندن و بڕیارانە ناڕوونییەکی زۆریان لێکەوتۆتەوە، چونکە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، جۆن بۆڵتۆن، سەردانی ناوچەکەی کرد و ڕایگەیاند نەخێر ئەمریکا دەمێنێتەوە، بە هەمان شێوە وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش، مایك پەمپیۆ لە ناوچەکە بوو و ڕایگەیاند ئێمە بەردەوام دەبین، کەچی دواتر سەرۆك ترەمپ

**ئیدارەی ئەمریکا باوەڕی وایە کە دروستکردنی فشاری ئابووری لە سەر ئێران دەبێتەهۆی ئەوەی ئەو وڵاتە سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکەدا هەموار بکاتەوە و ئەو هەنگاوانە هەڵبگرێت کە دەبنەهۆی ئەوەی نیگەرانییەکانی ئەمریکا بڕەوێنێتەوە**

**ئەو بڕیارەی ئێستا ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە ئاست سووریادا دەریکردووە، دەبێتەهۆی بەهێزکردنی پێگەی ئێران، نەک لاوازکردنی**

**ئیدارەی ئەمریکا ئامادە نییە تەحەددی و بەرهەڵستی هەندێ لە سیاسەتەکانی هاوپەیمانەکانی بکات لە ناوچەکەدا، وەک سیاسەتی وڵاتی ئیسرائیل لە بارەی دروستکردنی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێکردنەوە، هەروەها هەندێ پرسی پەیوەندیدار بە ناوخۆی سعودیە و چەند وڵاتێکی دیکەی ناوچەکە**

دووپاتی کردەوە کە ئیدارەکەی سوورە لەسەر بڕیارەکەی و وەزارەتی بەرگریش پشتڕاستی کردەوە کە دەکشێتەوە. کەواتە کێشە گەورەکە ئەوەیە کە سیاسەتێکی روون بەدی ناکرێت و هەماهەنگییەك بەدی ناکرێت لە گرتنەبەری سیاسەتەکاندا.

*** با پرسیارەکە زیاتر ورد بکەینەوە، ئایا نەبوونی سیاسەتێکی جێگیر لەلایەن ئەمریکاوە تا چ رادەیەك نیگەرانی و مەترسی لای دۆست و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا دروست کردووە؟**

- بە دڵنیاییەوە، ئەمە نیگەرانی لای دۆستەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دروست کردووە، چونکە ئەم هاوپەیمان و دۆستانە نازانن چ چاوەڕوانی و پێشبینییەکیان هەبێت لە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و نازانن چ پلانێك بگرنەبەر. لە هەمان کاتدا ئێمە دەزانین کە ئیدارەی ترەمپ رایگەیاندووە کە سوورە لەسەر بەرەنگاربوونەوەی رەفتارەکانی ئێران و دەستتێوەردانی لە کاروبارە ناوخۆییەکانی دەوڵەتە دراوسێکانیدا، هەروەها لایەنەکانی دیکەی سیاسەتی ئێرانی کە ئەمریکا بە مایەی کێشەی دەزانێت بۆ خودی ئەمریکا و بۆ دۆست و هاوپەیمانەکانی. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم ئیدارەیە هیچ پلانێکی نییە بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە و تەنیا قسە و لێدوان دەدات لەبارەی ئەوەی چەند بە توندی رووبەڕووی ئێران دەبێتەوە، بەڵام لە واقیعدا تەحەددی ئێرانیان نەکردووە.

*** ئێوە زیاتر تەرکیزتان لەسەر ئێران کردەوە، ئایا چۆن لەلایەنەکانی دیکەی سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا دەڕوانن لە ئاست پرس و بابەتەکانی دیکەدا، ئایا دەکرێت هەمان رەخنەکانی پێشوو لە لایەنەکانی دیکەی سیاسەتی ئەمریکا بگیرێت؟**

- ئەگەر ئێمە لەبارەی لایەنەکانی دیکەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریکاوە لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتدا بدوێین، ئەوا دەبینین ئەم ئیدارەیە باسی پلانی ئاشتی دەکات کە بیخاتەڕوو بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، بەڵام تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی کرداریمان بەدی نەکردووە لەم رووەوە. تەنانەت ئەو بڕیارانەشی کە لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە دەرکراون لە ئاست ئەم ناکۆکییەکەدا بڕیاری تاکلایەنانە بوون و ئەو بڕیارانە پتر لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل بوون، بە چەشنێك دەتوانین بڵێین کە بۆتەهۆی ئەوەی بەدیهێنانی بەرەوپێشچوون لە پێناوی گەیشتن بە ئاشتییەکی درێژخایەن لە مەحاڵەوە نزیك بێت.

*** ئایا مەبەستتان ئەوەیە کەلێن و دابڕانێك هەیە لە نێوان ئامانجە راگەیەندراوەکانی ئیدارەی ئەمریکا و ئەو سیاسەت و هەنگاوانەی ئەم ئیدارەیە لەسەر ئەرزی واقیع هەڵیاندەگرێت؟**

- بەڵێ ئەمە وایە و ئەوەی دەتوانین لەم رووەوە بیلێین ئەوەیە کە ئێمە دەزانین ئەو ئامانجانە چین کە سەرۆك ترەمپ رایدەگەیەنێت، هەروەها ئێمە دەزانین کە ئەو ئامانجانە چین کە بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکا دەیانخەنەڕوو، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە رایەڵێك بەدی ناکەین لە نێوان ئەو ئامانجانەی دەستنیشانیان دەکەین، لەگەڵ ئەو کارانەی بەنیازن ئەنجامی بدەن، یان ئەنجامیان دەدەن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە.

*** باسی ئەوەتان کرد کە ناڕوونییەك هەیە لە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، بەڵام خودی سەرۆك ترەمپ پێیوایە تەم و مژی و ناڕوونی خاڵێکی بەهێزە بۆ ئەداکردنی کاروبارەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی، بۆچوون و تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە پێموایە ناڕوونی لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریکادا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا دەرئەنجامی ناسەقامگیرکاری لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی دۆست و هاوپەیمانی ئێمە نازانن سیاسەتەکانی ئێمە چییە، هەروەها دوژمن و رکابەرەکانی ئێمەش نازانن سیاسەتەکانی ئێمە چین، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی شڵەژانێك لە ناوچەکەدا دروست بکات و لەم روانگەیەوە پێموایە ئەمە مەترسیدارە بۆ سەقامگیریی ناوچەکە.

*** پێشتریش باسی ئێرانت کرد، بەڵام هەندێ لە چاودێران دەڵێن ئەمریکا سیاسەتێکی روون و ئاشکرای هەیە لە ئاست وڵاتێکی وەك ئێران،**



**لەبەر ئەوەی ئەم ئیدارەیە هەوڵدەدات لە رێی گرتنەبەری ئامراز و فشاری ئابوورییەوە ئێران ناچار بکات بە گۆڕینی سیاسەت و بڕیارەکانی لە ناوچەکەدا، لێکدانەوە و راڤەکردنی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- ئاشکرایە ئەمە ئەو ئامانجەیە کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ رایگەیاندووە کە خوازیارە بیهێنێتەدی، واتە باوەڕی وایە کە دروستکردنی فشاری ئابووری لە سەر ئێران دەبێتەهۆی ئەوەی ئەو وڵاتە سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکەدا هەموار بکاتەوە و ئەو هەنگاوانە هەڵدەگرێت کە دەبنەهۆی ئەوەی نیگەرانییەکانی ئەمریکا بڕەوێنێتەوە و لە هەمان کاتدا نیگەرانییەکانی دۆستەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا چارەسەر بکات. لەگەڵ ئەوەشدا بەلای منەوە روون نییە کە ئەم رێگاچارەیە سەرکەوتوو بێت. چونکە لە رابردووشدا ئێران دوچاری سزای سەخت بۆتەوە، کە ئەو سزایانەش بە زەرووەت نەبوونەتەهۆی ئەوەی ناچار بێت بە دەستبەرداربوون لە ئامانج، یان سیاسەتەکان و روونیش نییە ئایا ئەمجارەیان ئەم ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە. هەروەها ئەوەی دەتوانین بیلێین ئەوەیە کە جگە لە سەپاندنی سزاکان ئەمریکا هیچ هەنگاوێکی دیکەی هەڵنەگرتووە بۆ تەحەددیکردنی ئێران. بە هەمان شێوە دەتوانین بڵێین ئەو بڕیارەی ئێستا ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست سووریادا دەریکردووە، دەبێتەهۆی بەهێزکردنی پێگەی ئێران، نەك لاوازکردنی.

*** کەواتە پێتوانییە ئەم فشار و سزا ئابوورییانە ببنەهۆی ناچارکردنی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ لەپێناو واژووکردنی رێککەوتنامەیەکی نوێ؟**

- بە تێڕوانینی من ئێران بەرهەڵستی هەوڵێکی لەم چەشنە دەکات و ئێران هەموو کارێك کە لە دەستی بێت، ئەنجامی دەدات بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری و دەرهاویشتەکانی سزاکان لەسەر ئابووری وڵاتەکەی. هەرچەندە گومان لەوەدا نییە کە لە رووی ئابوورییەوە ئەو سزا سەپێندراوانە کاریگەری ئازاربەخشیان هەبووە لەسەر ئێران، بەڵام ئایا ئەم سزایانە سەردەکشێن بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکەن ئەو سازشانە بکات کە ئیدارەی ئەمریکا داوایان دەکات، ئەوا ئەمە پرس و بابەتێکی دیکەیە. بەڵام بە دڵنیاییەوە و تا ئایندەیەکی نزیکیش ئەم سزایانە نابنەهۆی ئەوەی ئێران گۆڕانکارییەکی

**پێناچێت ئیدارەی سەرۆک ترەمپ بە بایەخەوە لە گرنگیی بەدەستهێنانی هاوکاری و هەماهەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بڕوانێت**

بنەڕەتی و گەورە لە سیاسەتەکانیدا بکات.

*** ئەگەر دووبارە بگەڕێینەوە سەر پرسی پابەندبوونی ئەمریکا بە پاراستنی ئاسایشی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا، ئەوا ئاشکرایە کە ئێستا دۆست و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بە گومان و دوودڵییەوە لە ئامادەیی ئەمریکا دەڕوانن بۆ بەرگری لێکردنیان، ئایا ئەمە نایێتەهۆی ئەوەی ئەم وڵاتانە هەنگاوی تاکلایانە هەڵبگرن بە بێ ئەوەی راوێژ لەگەڵ ئەمریکا بکەن؟**

- ئەوەی لێرەدا دەکرێت بیڵێین ئەوەیە کە ئیدارەی ئەمریکا ئامادە نییە تەحەددی و بەرهەڵستی هەندێ لە سیاسەتەکانی هاوپەیمانەکانی بکات لە ناوچەکەدا، وەك سیاسەتی وڵاتی ئیسرائیل لە بارەی دروستکردنی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێکردنەوە، هەروەها هەندێ پرسی پەیوەندیدار بە ناوخۆی سعودیە و چەند وڵاتێکی دیکەی ناوچەکە، وەك میسر، هەموو ئەمانە دەبنەهۆی ئەوەی ئەم وڵاتانە بە متمانەبەخۆبوونێکی زیاترەوە ئەو سیاسەتانە بگرنەبەر کە بە دڵنیاییەوە لە رابردوودا ئەمریکا بەرهەڵستی دەکردن.

**پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونێکی گەورە بەدی ناکرێت لە هەوڵەکانی پەیوەست بە سەقامگیرکردنەوەی دۆخی سووریا و ناکۆکی و رکابەریی نێوان ئێران و سعودیەش بەردەوام دەبێت**

*** ئێوە لە نزیکەوە چاودێری دۆخی وڵاتێکی وەك یەمەن دەکەن، کە ئێستا بۆتە گۆڕەپانی ململانێ و رکابەریی نێوان ئێران و سعودیە و ئەو وڵاتەش بە رادەیەکی گەورە کاول بووە و خراپترین کارەساتی مرۆیی تێیدا روویداوە، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ هەوڵەکانی ئەم دواییەی لە پێناوی کۆتاییهێنان بە شەڕی ئەو وڵاتە چییە؟**

- لە راستیدا منیش وەك هەر کەسێکی دیکە ئومێدەوار بووم لە ئاست ئەو گفتوگۆیانەی دەست پێکران لەلایەن نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەمەن- مارتن گریفیس- لە ستۆکهۆڵم، کە ئامانج لەم گفتوگۆیانەش بەدیهێنانی رێککەوتن بوو لە نێوان حکومەت و حوسییەکاندا. هەرچۆنێك بێت ئومێدی ئەوە دەکرێت ئەم هەوڵانە سەربکێشن بۆ گفتوگۆیەکی جددی لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا تاوەکو بتوانرێت دواجار کۆتایی بهێنرێت بە شەڕەکە. بەڵام لە روانگەی ئەوەی تا ئێستا روویداوە ئەوا رەنگە ئێمە زۆر گەشبین بووین لەم رووەوە، مەبەستم ئەوەیە رەنگە ئێمە رووداني ئەو پەرەسەندنە نەبینین کە چاوەڕوانمان دەکرد. ئێمەش دەزانین دۆخی ئەو وڵاتە زۆر ئاڵۆزە و هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد، کاریگەرییە راستەقینەکە بریتییە لە کارەساتە مرۆییەکە کە بۆتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر زۆرینەی خەڵکی یەمەن. هەرچۆنێك بێت ماوەیەك پێش ئێستا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند کە لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت و رەنگە تا رادەیەك گەشبین بن بەوەی کە گەرێکی دیکەی گفتوگۆ دەست پێ بکاتەوە. بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا مارتن گریفیسی نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو بێت، یان نا. کە ئومێدی ئێمە ئەوەیە بتوانێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ئێمە ئەو راستییەشمان لەبەرچاو بێت کە بارودۆخەکە زۆر دژوارە و لە ئێستادا پێناچێت هیچ لایەك ئامادە بێت بۆ ئەوەی سازش بکات تاوەکو بتوانرێت شەڕەکە کۆتایی پێبهێنرێت.

**لە ئێستادا هۆکار و پاساوی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی نیگەران بین لەبارەی ئەوەی داعش بتوانێت هەندێ لەو گوڕوتینە بەدەست بهێنێتەوە کە پێشتر لەدەستی دابوو**

*** کەواتە ئەگەر بە شێوەیەکی واقیعبینانە بڕوانین، ئەوا ناکرێت چاوەڕوانی پەرەسەندنێکی گەورە بکەین لە ئایندەیەکی نزیکدا؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەمەداو لە ئێستادا ئێمە رووداني ئەم پەرەسەندنە بەدی ناکەین.

*** هەر لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە، ئەوا ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت ئەوەیە ئەم ئیدارەیە بە بەدگومانییەوە لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و رێککەوتنە فرەلایەنە نێودەوڵەتییەکانیش دەڕوانێت، بۆچون و تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە وایە، کە بە ئاشکرا ئەم ئیدارەیە نایەوێت وەك هاوبەشێکی گرنگ لە رێکخراوە جیهانییە فرەلایەنەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و لە رێکخراوی ناتۆ و رێکخراوی بازرگانی جیهانی بڕوانێت، واتە وەك هاوبەشێکی گرنگ لەم لایەنانە ناڕوانێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئیدارەی ئەمریکا.

*** بەڵام ئایا ئەمریکا هیچ پشتیوانییەکی لە هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نەکردووە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی وڵاتی یەمەن و ئایا ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان بە بێ ئەمریکا**

**هەوڵی چارەسەرکردنی دۆخە دژوار و کارەساتە مرۆییەکان دەدات؟**

- ئەگەر ئێمە ئەم پرسە گرێبدەینەوە بە دۆخی یەمەنەوە، کە دەبینین نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵ و کۆششەکانی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی گفتوگۆ و دیالۆگ ئەنجام بدرێن لە نێوان لایەنە ناکۆکەکانی یەمەندا لە پێناو کۆتاییهێنان بە شەڕ لەو وڵاتەدا، مەبەستم ئەوەیە سەرەڕای بەدگومانیی ئەمریکا لە ئاست رێکخراوە فرەلایەنە نێودەوڵەتییەکان بە نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە، ئەوا ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ پشتیوانیی نەتەوە یەکگرتووەکان و نێردەی تایبەتیی ئەم رێکخراوە دەکات لەم رووەوە. هەرچەندە پێویست بوو ئیدارەی ئەمریکا پاڵپشتی زیاتری نەتەوە یەکگرتووەکانی بکردایە لەم دەستپێشخەرییەیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا دەستنیشانکردنی نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ یەمەنی قبووڵ کردووە.

*** هەروەک ئاشکرایە ئیدارەی ئەمریکا سیاسەتێکی تاکلایەنانەی گرتۆتەبەر لە کاتێکدا دەیتوانی هەماهەنگی و هاوکاری هاوپەیمان و دۆستەکانی بەدەست بهێنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، کەچی لە ئێستادا بە تەنیا ئەرکەی خستۆتەسەر شانی خۆی، بۆ نموونە تەنیا سزا بەسەر هەندێ وڵاتی دیاریکراودا دەسەپێنێت، بە بێ ئەوەی ئەمە کۆدەنگی و پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی لەگەڵدا بێت، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- بە داخەوە پێناچێت ئیدارەی سەرۆک ترەمپ بە بایەخەوە لە گرنگیی بەدەستهێنانی هاوکاری و هەماهەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بڕوانێت

*** باشە دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی ئەمریکادا بێتەدی لەم رووەوە، بەتایبەتی لەبەر رۆشنایی ئەو دەرهاویشتە و ئاکامە سلبییانەی ئاماژەتان پێکردن؟**

- لە راستیدا من پێموانییە بتوانین چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی لەم چەشنە بین، چونکە بەرپرسانی نێو ئیدارەی کۆشکی سپی پێیانوانییە کە پێویست بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری بکات لە سیاسەتی ئەم ئیدارەیەدا. رەنگە ئەگەری ئەوەش هەبێت کە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی خۆیاندا بکەن، بەڵام تا ئێستا ئەمە رووی نەداوە و ئەم گۆڕانکارییە بەدی نەکراوە.

*** باشە پێتوایە رەوتی رووداوەکان ئایندەی ئەم ناوچەیە بە چ ئاراستەیەکدا دەبەن؟ ئایا ئێوە گەشبینن بە باشتربوون و بەرەوپێشچوونی بارودۆخەکە، یان دۆخەکە هێندە سەخت و دژوارە کە بواری بۆ گەشبینی نەهێشتۆتەوە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەگەری ئەوە هەیە ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ئارادایە درێژە بکێشێت و بەردەوام بێت، واتە پێشبینی درێژەکێشان و باڵکێشانی ئەو پشێوییە دەکەم کە حاڵی حازر بوونی هەیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. واتە ناکۆکی و رکابەری لە نێوان ئێران و سعودیە بەردەوام دەبێت، هەروەها پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونێکی گەورە بەدی ناکرێت لە هەوڵەکانی پەیوەست بە سەقامگیرکردنەوەی دۆخی سووریا، هەروەها ئێستا ئەو ئەگەرە لە ئارادا نییە کە بەشار ئەسەد لە دیمەشق دووربخرێتەوە.

*** ئێوە کەسێکی شارەزا و تایبەتمەندن لە بواری بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوەی و تیرۆردا و رۆڵتان بینیوە لە دارشتنی پرۆگرامی بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوەی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئایا تا چ رادەیەک هۆکاری ئەوە هەیە کە لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش نیگەران بین؟**

- لە ئێستادا هۆکار و پاساوی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی نیگەران بین لەبارەی ئەوەی داعش بتوانێت هەندێ لەو گوروتینە بەدەست بهێنێتەوە کە پێشتر لەدەستی دا بەهۆی فشارە سەربازییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە کە بە شێوەیەکی گشتی دۆخەکە وەك ئەوەی ئێستا هەیە درێژە دەکێشێت. لە هەمان کاتدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئەگەری ئەوە هەیە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بەردەوام بێت لە کەمکردنەوەی رۆڵی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەو چەشنە سەرکردایەتیی ناوچەکە بۆ خودی لایەنەکانی ناوچەکە جێبهێڵێت.

**ئەگەری ئەوە هەیە ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بەردەوام بێت لە کەمکردنەوەی رۆڵی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و سەرکردایەتیی ناوچەکە بۆ خودی لایەنەکانی ناوچەکە جێبهێڵێت**

**سەرۆک دۆناڵد ترەمپ تەنیا قسە و لێدوان دەدات لەبارەی ئەوەی چەند بە توندی رووبەڕووی ئێران دەبێتەوە، بەڵام لە واقیعدا تەحەددی ئێرانی نەکردووە**

# دیمانەی تایبەت



پیتەر دۆگلاس فیڤەر خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی سیاسی کە لە زانکۆی هارڤارد بەدەستی هێناوە، لە ئێستادا پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و سیاسەتی گشتییە لە زانکۆی دیوك، بەڕێوەبەری ئەنستیتیوتی تریانگڵ بۆ دیراساتی ئەمنییە، هەروەها بەڕێوەبەری پرۆگرامی ستراتیژییەکی باڵای ئەمریکایە لە هەمان زانکۆ. چەندین توێژینەوە و کتێبی هەیە لە بارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، رای گشتی و بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی و شەڕی زانیاری و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا. پێشتریش بەڕێوەبەری سیاسەتی بەرگری و کۆنترۆڵکردنی چەك بووە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی، کە بەرپرس بووە لە پێداچوونەوە بە ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی، سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی چەکی ناوکی و پرسەکانی دیکەی پەیوەست بە سیاسەتی بەرگری، هەروەها راوێژکاری تایبەتی بواری پلاندانی ستراتیژی و چاکسازی دامەزراوەیی بووە لەنێو ستافی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کۆشکی سپی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**پیتەر دۆگلاس فیڤەر**

**تایبەتمەندی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ گوڵان:**

# ئیدارەی ترەمپ خوازیارە گەلانی ناوچەکە خۆیان رووبەڕووی کێشەکان ببنەوەو چارەسەری بکەن

**ئەمریکا دەیتوانی لە پێگەیەکی بەهێزەوە هەوڵ و کۆشش و دەستپێشخەرییە سیاسییەکان بخاتەگەڕ، نەک لە پێگەیەکی لاواز و لەباری جێهێشتنی ناوچەکەدا**

*** سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ چەندین مشتومڕی لێکەوتۆتەوە و چەندین رەخنەی بەدوای خۆیدا هێناوە، خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ رەوت و ئاراستەی ئەم سیاسەتە چییە؟**

- لە راستیدا من خۆم لە چەندین رووەوە رەخنەم لە رەوت و ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ گرتووە، هەرچەندە ناکرێت بڵێین سەرتاپای سیاسەتەکەی هەڵەیە، چونکە لە هەندێ رووەوە هەنگاوی دروستی هەڵگرتووە و لە هەندێ رووی دیکەوە بڕیاری هەڵەی داوە. بۆ نموونە ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکاوە لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا من بڕیاری یەکلایەنەی کشاندنەوەی ئەمریکا لە سووریام پێ هەڵە بوو، چونکە ئەم بڕیارە بە بێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سەر ئەرزی واقیع درا.

*** ئاماژەت بەوەکرد کە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا چەند بڕیار و هەنگاوێکی راست و دروستی گرتۆتەبەر، ئایا پێتانوایە ئەم ئیدارەیە چ سیاسەتێکی لە ئاست ئەم ناوچەیەدا پیادە کردووە؟**

- دەکرێت لەم رووەوە ئاماژە بە بڕیاری سزادانی حکومەتی سووریا بکەین لە دوای بەکارهێنانی چەکی کیمایییەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەوە، ئەمریکا چەند گورزێکی لە چەند ئامانجێکی ئەو وڵاتە سرەواند، کە من هاوڕا بووم لەگەڵ دەرکردنی ئەم بڕیارەدا و پشتیوانیشم کرد.

*** لە وەڵامەکانتدا باست لەوە کرد کە ئیدارەی ئەمریکا هەنگاوی تاکلایەنانەی هەڵگرتووە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هۆکار و پاڵنەری سەرەکی گرتنەبەری بڕیاری تاکلایەنەی ئەم ئیدارەیە چییە؟**

- سەرۆك دۆناڵد ترەمپ مافی خۆیەتی کە نارەحەت بێت لە درێژەکێشانی دۆخی پڕ لە سەختی و دژواری لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی کە دەبینێت هەوڵ و کۆششەکانی ئیدارەکانی پێش خۆی هەر لە جۆرج بوشی باوکەوە تاوەکو بیل کلینتۆن و دواتر جۆرج بوشی کوڕ و ئینجا ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما، دەرئەنجامێکی زۆر باشیان لێنەکەوتەوە و نەبوونە هۆی باشترکردنی هەلومەرجەی ناوچەکە. کەواتە تا رادەیەك ئەم رێچکەیەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ گرتوویەتەبەر قابیلی تێگەیشتنە و ئێستاش دەیەوێت بە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا بکات کە خەڵکی ناوچەکە خۆیان ئیرادە و توانای ئەوەیان هەبێت رووبەڕووی دۆخەکە ببنەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن.

*** ئایا پێتوایە ئەم رێچکەیە رێگاچارەیەکی کارایە کە لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە گیراوەتەبەر و ئایا دەبێتەهۆی ئەوەی دەرئەنجامی خوازراوەی لێبکەوێتەوە؟**

- من پێموایە کێشەکە ئەوەیە رەنگە گرتنەبەری ئەم شێوازە ببێتەهۆی ئەوەی بارودۆخەکە خراپتر ببێت، چونکە ئێستا دەبینین بەراورد بەو کێشانەی کە لە رابردوودا دەتوانرا ئیدارە بدرێن، هەندێ کێشە ئاڵۆزتر و سەختتر بوون. ئەوە بوو ئێمە بینیمان کە هەوڵی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما بۆ جێهێشتنی ناوچەکە و کشانەوە لێی، چۆن بووە هۆی ئەوەی هەلومەرجەکە بەرەو خراپتر بچێت، لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە رەنگە هەوڵەکانی ئیدارەی سەرۆك ترەمپیش بە دەرئەنجامێکی لەم شێوەیە کۆتایی پێ بێت.

*** سەبارەت بە پرسی کشانەوەی ئەمریکا لەم ناوچەیە، یان دەست لێ هەگرتن و پشتتێکردنی، ئایا پێتوانییە ئەمریکا هێندە بەرژەوەندیی ستراتیژی و گرنگی هەیە لەم ناوچەیەدا کە هیچ ئیدارەیەکی ئەمریکا نەتوانێت بە ئاسانی دەستەبەرداری ئەم ناوچەیە بێت؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا و ئێمەش بینیمان کە تەنانەت هەفتەیەك دوای ئەوەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بڕیاری کشانەوە و جێهێشتنی سووریای راگەیاند، بارودۆخەکە بەرەو خراپتر چوو، کە پێدەچێت لەو کاتەوە هەوڵێك هەبێت بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی بە ئاراستەی تەرکیزکردن بێت لەسەر ئەو پرس و کێشانەی کە کەسانێکی وەك ئێمە نیگەرانییان لەبارەوە دەردەبڕین.

*** بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئیدارەی ئەمریکا و بەرپرسە باڵاکانی هەمیشە جەخت لەسەر ئێران و رۆڵی ئەو وڵاتە لە ناوچەکەدا دەکەن، لەم رووەوە فشار و سزایەکی زۆریان بەسەردا سەپاندووە، بۆچوون و تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام کە رەفتار و کرداره ناسەقامگیرکارەکانی ئێران لە ناوچەکەدا کێشە و تەحەددییەکە، لەم رووەوە پێموایە یەکێك لە هەڵەکانی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما ئەوە بوو کە رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا واژوو کرد، چونکە ئەم رێککەوتنە لە باشترین حاڵەتیدا تەنیا جەختی لەسەر پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران دەکردەوە و کێشەکانی دیکەی بە هەڵپەسێردراوی و چارەسەرنەکراوی هێشتەوە. لێرەدا مەبەستم لە هەوڵەکانی ئێران بوو بۆ زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، کە لە روانگەی منەوە دەبوو ئەم کێشانەش تاوتوێ بکرانایە و چارەسەریان بۆ بدۆزرایەتەوە.

*** بەڵام ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بڕیاری دا لەم رێککەوتنە بکشێتەوە، ئایا پێتوایە لە روانگەی ئەمریکاوە ئەم بڕیارە کاریگەریی خوازراوی لێکەوتۆتەوە؟**

- ئەوە راستە سەرۆك ترەمپ بڕیاری دا لە رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بکشێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین بڕیاری کشانەوە و جێهێشتنی سووریا و دەستبەرداربوونی کوردیش دەدات، کە پێموایە ئەم هەنگاو و بڕیارانە لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندیی ئێران تەواو دەبن، بە واتایەکی دیکە ئەم بڕیارانە دەرئەنجامێکیان لێدەکەوێتەوە کە پێچەوانە بێت لەگەڵ ئامانجی راگەیەندراوی سەرۆك و ئیدارەی ئەمریکا، کاتێك بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەیانەوێت فشار لەسەر ئێران دروست بکەن. کەواتە کێشەکە لەوەدایە چۆن ئەم هەنگاو و بڕیارانە پێکەوە بگونجێنین.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین سیاسەتەکانی ئەمریکا بۆ دروستکردنی فشار لەسەر ئێران کارا نین و بگرە دەرئەنجامی پێچەوانەشیان لێدەکەوێتەوە؟**

- بە تێڕوانینی من، ئەگەر ئەمریکا بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی

**من بڕیاری یەکلایەنەی کشاندنەوەی ئەمریکا لە سووریام پێ هەڵە بوو، چونکە ئەم بڕیارە بە بێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سەر ئەرزی واقیع درا**

**ئەمریکا دەیتوانی لە پێگەیەکی بەهێزەوە هەوڵ و کۆشش و دەستپێشخەرییە سیاسییەکان بخاتەگەڕ، نەک لە پێگەیەکی لاواز و لەباری جێهێشتنی ناوچەکەدا**

**پێموایە یەکێک لە هەڵەکانی ئیدارەی سەرۆک باراک ئۆباما ئەوە بوو کە رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا واژوو کرد، چونکە ئەم رێککەوتنە لە باشترین حاڵەتیدا تەنیا جەختی لەسەر پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران دەکردەوە و کێشەکانی دیکەی بە هەڵپەسێردراوی و چارەسەرنەکراوی هێشتەوە**



لە ناوچەکەدا، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ئەم کارەی بکردایە، دەکرا ئەم سیاسەتانەی ئەمریکا بۆ فشار دروستکردن لەسەر ئێران کارا بوایە. هەروەها پێموایە سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی ئێران کارا نابێت ئەگەر بێت و هاوکاریی وڵاتانی ئەوروپای لەگەڵدا نەبێت. حاڵی حازر و لەبەر رۆشنایی ئەوەی لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا روویدا، رەنگە بڵێین ئەم کارە پێویستی بە لێکتێگەیشتن و هاوکاریی رووسیاش هەیە و رەنگە پێویستی بە هاوکاریی وڵاتی چینیش هەبێت. کەواتە مەسەلە سەرەکییەکە ئەوەیە کە بتوانرێت تێکڕای پایەکانی ئەم ستراتیژیەتە پێکەوە گرێبدرێت، کە رەنگە کێشەی ئەو ستراتیژیەتەی لە ئاست ئێراندا پیادە دەکرێت، ئەوە بێت کە لایەنەکانی ستراتیژیەتەکە پێکەوە ئاوێتە نەکراون.

*** وەك کەسێکی شارەزای سیاسەتەکانی ئەمریکا و چاودێرێکی دۆخی ئەم ناوچەیە، پێتوایە باشترین رێگاچارە چییە بۆ ئەوەی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بیگرێتەبەر، بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە بتوانێت ئیدارە و ئیحتیوای کێشەکان بکات؟**

- من لە وتارێکمدا لە گۆڤاری «فۆرن ئەفێرز»دا، کە بە هاوبەشی لەگەڵ هال براندس نووسیومە بە ناوونیشانی «ترەمپ و تیرۆریزم»، لەوێدا ئاماژەم بە چۆنیەتی هێشتنەوە و جێگیرکردنی هێزێکی سەربازیی ئەمریکا کردووە لەم ناوچەیەدا بە مەبەستی درێژەدان بە فشارەکانی بۆ سەر گرووپە تیرۆریستییەکان، ئەویش بە هاوکاری و هەماهەنگیی هاوبەشە مەحەلییەکان. ئەگەر وردتر باسی لێوە بکەم ئەوا بە تێڕوانینی من دەبوو ئەمریکا بەم شێوەیە کاری بکردایە بۆ لاوازکردنی پێگەی رکابەرکانی، کە دەبوو ئەم هەوڵە سەربازییەش هاوشان بێت بە گرتنەبەری رێگاچارەیەکی سیاسی، چونکە ئەو کاتە ئەمریکا دەیتوانی لە پێگەیەکی بەهێزەوە هەوڵ و کۆشش و دەستپێشخەرییە سیاسییەکان بخاتەگەڕ، نەك لە پێگەیەکی لاواز و لەباری جێهێشتنی ناوچەکەدا، چونکە ئەگەر لە پێگەیەکی بەهێز و تۆکمەوە کار بۆ خستنەڕوو و جێبەجێکردنی نەکرێت، رێگاچارە و نەخشەڕێگەی سیاسی لەم چەشنە کارا و سەرکەوتوو نابێت.

# ئایا عیلمانییەت دژی ئایینە؟

وشەی عیلمانییەت Secularism لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییەو لە پەیڤی Saeculum هاتووە، ئەویش سێ مانای هەیە، کە بریتین لە (سەردەم، کات، جیهان) واتە:-Secolo، Si-glo، Siecle کە هەرسێکیان نزیکن لە یەکترو لە هەر پێنج زمانە گرووپە لاتینییەکان وەرگیراوە، Latin Groups کە بریتین لە زمانی (فەرەنسی، ئیتالی، پورتوگالی، ئینگلیزی و ئەلمانی)، واتە: سەدەی عیلمانییەت، کات و ساتی عیلمانییەت و جیهانی عیلمانییەت. لە دەستپێکدا عیلمانییەت بەرهەمێکی هزری بوو دژ بە کەنیسەی کاسۆلیکی Catholic Church، واتە: کەنیسەی دایك. کەنیسەی کاسۆلیك عیلمانییەتی دروستکرد، یان بڵێین: عیلمانییەت کاردانەوەی کەنیسە بوو، چونکە ئەگەر بە وردی مێژووی کەنیسەی کاسۆلیك لە ئەوروپا بخوێنینەوە، دەبینین کە کەنیسە چ دژایەتییەکی توندی بەرامبەر تیۆرییەکانی زانستی ئەو سەردەمە کردووە Scientism، هەر بزاڤێکی زانستی دروست دەبوو، ئەوا بە کوفر و زەندەقە (الهرطقة -Heretic) لەقەڵەم دەدرا، بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ بیروبۆچوونی کەنیسە نەگونجابوایە، نموونەش لەسەر ئەمە زۆرن، بۆ نموونە قەشە (جۆن هەس ١٤٤٥ز) John Huss زۆر رەخنەی لە پیاوانی ئایینی کەنیسە دەگرت، بۆیە بە زیندوویی سووتاندیان، دوای چواردە ساڵ کاردینال (پیران) لە کۆبوونەوەی دووەمی ڤاتیکان کە لەنێوان ساڵەکانی (١٩٦٢-١٩٦٥) بەسترا، وەك تاوانێکی کەنیسەی کاسۆلیك دژی قەشە (جۆن) لە سەدەی پانزدە باسی لەم رووداوە کرد.

**عیلمانییەت شتێکی زەرووری بوو دژی کەنیسە، چونکە کەنیسە ببووە کۆسپێک لەسەر رێگای زانست و پێشکەوتندا**

لە نیوەی سەدەی شازدە تا سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە، بزاڤی زانستی Scientism دروست بوو، زانای کۆسمۆلۆژیی هۆڵەندی (کوپرنیکوس١٥٤٣ز Copernicus) تیۆرێکی زانستی دۆزییەوە و لە کتێبەکەیدا (حرکە الاجرام السماویة) دژی بۆچوونەکانی کەنیسەی کاسۆلیك دەدوێت، تیۆرەکە دەڵێت: زەوی سەنتەری گەردوون نییە و زەوی بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، هەروەکو چۆن بەدەوری خۆریشدا دەسووڕێتەوە، بەپێچەوانەی رای ئەرستۆ (٣٢٢ پ.ز Aristotle. ئەم بۆچوونەی (کۆپرنیکۆس) لەگەڵ بۆچوونی کەنیسەدا ناگونجێت، بۆیە کتێبەکەی خرایە لیستی رەشەوەو قەدەغە کرا. (کارین ئارمسترۆنگ) دەڵێت: تیۆرەکەی (کۆپرنیکۆس) تێگەیشتنە کلاسیکییەکەی کەنیسەی تێکدا، هەرچەندە تیۆرییەکەی (کۆپرنیکۆس) تەواویش نەبوو، پاشان زانای فیزیکی (کیپلەر)ی ئەڵمانی (١٦٣٠ز) توانی بە بەڵگە بیسەلمێنێت، بەڵام زانای کۆسمۆلۆژی (گالیلۆ ١٦٤٢ز) Galilee Galileo بە پراکتیکی توانی تیۆرییەکە تەواو بکات، کاتێك گالیلۆ لە ساڵی (١٦١٢ز) تیۆرییەکەی بڵاوکردەوە، کێشەیەکی گەورەی دروست کردو، لە هەموو ئەوروپا دەنگی دایەوە، بەڵام کەنیسە توانی (گالیلو) بێدەنگ بکات و لە بۆچوونەکانی پەشیمانی بکاتەوە. پاشان (بڕۆنۆ) Giordano Bruno هات بەرگری لە تیۆری (گالیلۆ) کرد، بەڵام ئەویش لە دەستی کەنیسە رزگاری نەبوو، (بڕۆنۆ) بۆ ماوەی شەش ساڵ زیندانی کرا، پاشان لەساڵی (١٦٠٠ز) بە زیندوویی سووتێنرا، بەڵام

**هەموو بزاڤە زانستییەکان دژی سەنترەلیزمی کاسۆلیک بوون، هەر بۆیە عیلمانییەت وەکو بزاڤێکی ئایدیۆلۆژی دژی ئایین دروست بوو**



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەم زانایە هەرگیز لە بۆچوونەکانی پەشیمان نەبووەوە، بەڵکو بەردەوام بەرگری لێدەکرد.

سەرەڕای هەڕەشەکانی کەنیسەی کاسۆلیك، بزاڤی زانستی بەردەوام خەباتی دەکرد، بۆیە (ئیسحاق نیوتن ١٧٢٧ز Isaac Newton) تیۆرێکی دیکەی دۆزییەوە، کە بریتی بوو لە تیۆری «جاذبیة الأرض» کە ئەویش دیسان لەگەڵ بیری کەنیسە نەدەگونجا.

بێگومان لەو قەیرانەدا بزاڤی زانستی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، چونکە ناکرێ شتێك ڕەت بکەینەوە کە لەسەر بنەمای زانست دامەزرابێت، واتە: عیلمانییەت شتێکی زەروری بوو دژی کەنیسە، چونکە کەنیسە ببووە کۆسپێك لەسەر ڕێگای زانست و پێشکەوتندا، تا گەیشتە ئەوەی کەسێکی وەکو (فردریك نیتچە ١٩٠٠م Friedrich Nietzsche) بڵێت: خودا مردووە (مات الله - God Is Dead) یان لە کاتی نەخۆشییەکەیدا بە خوشکی بڵێت: مەهێڵە قەشەیەك بێتە سەر قەبرم و چەند درۆیەك بکات، من دەمەوێ بەبێ ئایین (مولحید) بمرم، بۆیە (نیتچە) بە دامەزرێنەری نیهیلیزم Nihilism دادەنرێت، هەمان هزر لای فەیلەسووفی فەرەنسی (جۆن پۆل سارتەر ١٩٠٥ Jean Paul Sartre دروست بوو، کاتێ دەڵێت: پێویستە خودایەتی بە هەموو شێوەیەك ڕەت بکەینەوە، چونکە دژی ئازادیی ئێمەیە. هەروەها (ئەلبیر کامو ١٩٦٠) پێیوایە باوەڕ نەبوون بەخودا وا لە ئێمە دەکات کە هەموو تەرکیزو خۆشەویستیمان تەنیا بۆ مروڤ بێت.

دوای ئەو هەموو کێشەیە بزاڤێك دروست بوو بە ناوی (قوتابخانەی ڕەخنە لە دەقەکان) واتە: ڕەخنە لە دەقەکانی (تەورات و ئینجیل) (العهد القديم والعهد الجديد The Old Testament and The New Testament)، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە ئایینەکان بکرێت، بەتایبەتی لە مەسیحییەت، کە ئەوکات تەنیا کاسۆلیك هەبوو، لە بواری هزریشدا هێشتا بزاڤی پرۆتستانتی مارتن لۆسەری ئەڵمانی Protestantism لەدایك نەببوو، لەوانیش پەیڕەوانی قوتابخانەی ڕادیکاڵی کە لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی فردریك هیگل (١٨٣١ز) Friedrich Hegel کاریان دەکرد، لەکاتێکدا (دێڤید ستراوس ١٨٣١ز) David Strauss کتێبێکی لەسەر ژیانی مەسیح (د.خ) نووسی The Life of Jesus، لەم کتێبەکەدا گوتی: ئەوەی لە(ئینجیل)دا هاتووە زۆربەی بێ بنەمایە. لەمەش خراپتر (برۆنۆ) دەڵێت: مەسیح کەسایەتییەکی میسۆلۆژییە Mythology واتە: خورافییە و هیچ ڕاستییەك بۆ بوونی نییە.

کەواتە عیلمانییەت لە ژینگەیەکی ناتەندروست لەدایکبووە، چونکە هەموو بزاڤە زانستییەکان دژی سەنترەلیزمی کاسۆلیك بوون، هەر بۆیە عیلمانییەت وەکو بزاڤێکی ئایدیۆلۆژی دژی ئایین دروست بوو، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە عیلمانییەت لە دژایەتی کاسۆلیکەوە دەستی پێکرد بۆ دژایەتیکردنی هەموو ئایینێك بەبێ جیاوازی، چونکە لە هزری عیلمانییەتەوە بیرۆکەیەك دروست بوو، کە هەرچی ئایینە بریتییە لە دەزگایەکی پاشکەوتوو، کە چەند پیاوێکی دڵڕەق و خوێنمژو خۆپەرست بەڕێوەی دەبەن بۆ دژایەتیکردنی زانست و عەقڵ و ئازادی

**نە ئیسلامییەکان لە عیلمانییەت گەیشتوون، نە خودی ئەوانەی کە بە عیلمانی خۆیان پیشان دەدەن لە عیلمانییەت گەیشتوون**

**ئیسلامییەکان بۆ تێگەیشتن لە عیلمانییەت ئەو سەرچاوانە بەکاردێنن کە سەر بە ڕەوتی توندو فەندەمەنتەلیزمن و هیچ بنەمایەکی زانستی و ئەکادیمیان پێوە دیار نییە، بەڵکو زیاتر کتێبی ئاموژگاری و بانگخوازین**

**ئەوانەش کە خۆیان بە عیلمانی دەناسێنن، ئەو سەرچاوانە بەکار دێنن کە زۆربەیان دژی ئایینن، زۆربەی ئەو سەرچاوانەش ئەکادیمی و زانستی نین**

**مەبەستی سەرەکی لە ڕەتکردنەوەی نموونەی خیلافەتی عوسمانی بۆ میسر لەلایەن ڕیفۆرمخوازانی وەکو (عەلی عەبدولڕازق ١٩٦٦ز) ئەوە بوو، تاوەکو ئایین نەبێتە گەمەیەک بە دەستی سیاسەتمەدارانەوەو لایەنە ڕۆحییەکەی بە جوانی بمێنێتەوە و ناشیرین نەبێت**

**لەو وڵاتانەی کە ئایین بە فەرمی نەناسێنراوە، زیاتر گەشەی کردووە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە ئایین بە فەرمی ناسێندراوە لە دەستووردا**

و جوانی و شارستانییەت و پێشکەوتن، هەر بۆیە (دیڤید ستراوس David Strauss کە پێشتر باسمان لێوەکرد، دەڵێت: (ترسناکترین شت لەسەر مرۆڤایەتی ئایینە ئاسمانییەکانن).

هەرچەندە ئەمە لە دژایەتیکردنی مەسیحییەتەوە دەستی پێکردووە، بەڵام هەموو ئایینەکان دووچاری ئەم قەیرانە بوون، لە ئیسلامیشدا تا ئێستا هەر بەردەوامە، بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەم بابەتە زیاتر شرۆڤە بکەینەوە.

من بڕوام وایە نە ئیسلامییەکان لە عیلمانییەت گەیشتوون، نە خودی ئەوانەی کە بە عیلمانی خۆیان پیشان دەدەن لە عیلمانییەت گەیشتوون، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێك:

یەکەم: ئیسلامییەکان بۆ تێگەیشتن لە عیلمانییەت ئەو سەرچاوانە بەکاردێنن کە سەر بە ڕەوتی توندو فەندەمەنتەلیزمن و هیچ بنەمایەکی زانستی و ئەکادیمیان پێوە دیار نییە، بەڵکو زیاتر کتێبی ئامۆژگاری و بانگخوازین.

دووەم: تا ئێستا ئیسلامییەکان لە کوردستان سەربەخۆیی هزری و مەعریفی خۆیان ڕانەگەیاندووە، بۆیە زۆربەی بڕیارو هزرو فەتواو بۆچوونەکانیان تەنیا لاساییکردنەوەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییە، ئەمەش بە ڕاستی لە جیهانی مەعریفیدا ئاریشەیەکی گەورە دروست دەکات.

هەروەها ئەوانەش کە خۆیان بە عیلمانی دەناسێنن، ئەو سەرچاوانە بەکار دێنن کە زۆربەیان دژی ئایینن، زۆربەی ئەو سەرچاوانەش ئەکادیمی و زانستی نین، بۆیە دەڵێم: ئەو عیلمانییەتەی کە ئیسلامییەکان بە کوفرو زەندەقە لە قەڵەمی دەدەن، بریتییە لە عیلمانییەتی گشتگیرو هەمەلایەن De-sacralization واتە: هەوڵدان بۆ سڕینەوەی پیرۆزییەتی لە هەر شتێکی پیرۆز، بە عەرەبی پێی دەگوترێت: (نزع القداسة مما هو مقدس)، هەروەك چۆن (ماکس ڤێبەر ١٩٢٠ز Max Weber) لە نووسینەکانیدا ئەمەی باسکردووە، ئەمەش بێگومان هەموو بنەماکانی ئایین دەگرێتەوە، هەر ئەم جۆرە عیلمانییەتەیە کە بڕاقی فەندەمەنتەلیزمی ئایینی دروست دەکات، بۆیە (کارین ئارمسترونگ) دەڵێت: (فەندەمەنتەلیزمەکان بەردەوام هەست بەوە دەکەن کە لە شەڕدان دژی هەر هێزێك کە هەڕەشەی بنەما پیرۆزەکانی ئایین دەکات).

ئەو عیلمانییەتەی کە هەندێك لە هزرڤانان بە ئاسایی لە قەڵەمی دەدەن و، بە شتێکی ڕەوای دەزانن و، هیچ دژایەتییەك لەنێوان ئەوو ئاییندا نابینن، بریتییە: لە عیلمانییەتی (جزئی) Secularism، کەواتە: ئەگەر مەبەستی عیلمانییەکان جۆری یەکەمە واتە:(عیلمانییەتی گشتگیر)، ئەوە بێگومان جێگای قبووڵ نییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، خۆ ئەگەر مەبەستیش لە عیلمانییەت جیاکردنەوەی ئایین بێت لە سیاسەت، یان لە دەوڵەت، بە بڕوای من شتێکی ئاساییە، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك:

یەکەم: بەم میکانیزمە دەتوانین ئایین لە ئیستغلالکردن بۆ بەرژەوەندیی حزبی و تاکە کەسی بپارێزین.

دووەم: بەم میکانیزمە دەتوانین پیرۆزیی ئایین بپارێزین، بەمەش کاریگەریی ئایین وەکو خۆی دەمێنێتەوە بەسەر کۆمەڵگەدا، چونکە ئایین هێزێکی ڕۆحیی زۆر کاریگەرە بەسەر کۆمەڵگەوە، بۆیە دەبێت ئەم کاریگەرییە وەکو خۆی بە سرووشتی بمێنێتەوەو کەس مافی ئەوەی نەبێت دەستکاری بکات. مەبەستی سەرەکی لە ڕەتکردنەوەی نموونەی خیلافەتی عوسمانی بۆ میسر لەلایەن ڕیفۆرمخوازانی وەکو (عەلی عەبدولڕازق ١٩٦٦ز) ئەوە بوو، تاوەکو ئایین نەبێتە گەمەیەك بە دەستی سیاسەتمەدارانەوەو لایەنە ڕۆحییەکەی بە جوانی بمێنێتەوە و ناشیرین نەبێت.

سێیەم: بەم میکانیزمە واتە جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت، هەروەك (ولیەم ماکلولین) دەڵێت: مرۆڤ ئازاد نابێت لە ئایین، بەڵکو ئایین ئازاد دەبێت لە مرۆڤ، (هەنتگتون)یش Samuel P .Huntington لە کتێبەکەیدا باسی کردووە. کەواتە: مرۆڤ پێویستی بە ئایینە، نەك ئایین پێویستی بە مرۆڤە، ئەگەر ئایین ئازاد بێت لە مرۆڤ، خۆی کاریگەریی پۆزەتیڤ دروست دەکات، بەڵام کە ئازاد نەبوو لە مرۆڤ، ئەوا بێگومان کاریگەریی

نێگەتیڤی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە، هەروەك چۆن ئێستا ئایین بووەتە شتێکی ناشیرین، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە خەڵکانێك ئازادیی ئایینیان پێشێل کرد.

ئەگەر سەیری هەندێك وڵاتی وەکو ئەمریکا بکەین، دەبینین مەسیحییەت (مەزهەبی پرۆتستنتیزم) یەکەم ئایینە لە رووی هەوادارو لایەنگرانەوە، بەڵام تاکو ئێستا هیچ ئایینێك لەم وڵاتە ئایینی فەرمی نییە، چونکە لە دەستووری ئەمریکادا ئایین شتێکی تاکی و ئارەزووی کەسییەو، هیچ فۆرمێکی فەرمی و دەستووری پێوە دیار نییە، وەکو چۆن لە زۆربەی وڵاتان ئەم ئایینە بە ئایینی فەرمی وڵات دەناسێندرێ، لەگەڵ ئەوەشدا لەو وڵاتانەی کە ئایین بە فەرمی نەناسێنراوە، زیاتر گەشەی کردووە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە ئایین بە فەرمی ناسێندراوە لە دەستووردا.

جەمال بەننا (برا بچووکی حەسەن بەننا) دەڵێت: (ئیسلام بریتییە لە دین و نەتەوە، نەك دین و دەوڵەت)، ئەمەیان ناونیشانی کتێبەکەیەتی (الإسلام دين و أمة، وليس دينا و دولة)، بۆیە برهان غلیون (سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نیشتمانیی سووریا) دەڵێت: (ئیسلام لەکاتی حەسەن بەننا دین و دنیا بوو، پاشان لەلایەن سەیید قوتب و عومەر عەبدولڕەحمانەوە بوو بە دین و دەوڵەت، (حەسەن بەننا) کە دەڵێت: ئیسلام قورئان و شمشێرە، دژی دەستووری میسری (١٩٢٣ز) نەبوو، بە هیچ شێوەیەکیش خۆی لە کۆمەڵگەی عەرەبی نەسڕیبووەوە، کەچی کەسێکی وەکو (سەیید قوتب) هەمووی ئەوانە (نەتەوایەتی، دیموکراسی، سۆشیالیستی) بە کوفر لەقەڵەم دەدات.

بە بڕوای من لەلای (حەسەن بەننا) ئیسلام دین و دەوڵەتە، ئەگەر نامیلکەکانی بخوێنینەوە بە روونی ئەمەمان بۆ بەدەردەکەوێ، بەڵام وەکو (سەیید قوتب) و(عومەر عەبدولڕەحمان) و ئەوانی دیکە باسی نەکردووە، چونکە خەمی (حەسەن بەننا) تەنیا ئەوە بوو بزاڤێکی سیاسی کۆمەڵایەتی دروست بکات بۆ پاراستنی ئایینی ئیسلام و، رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی ئیسلام بە گوێرەی هزرو و بۆچوونی، واتە: گەڕاندنەوەی خیلافەت، بەڵام ئەمە راستە کە دەڵێن: ئیسلام دین و دنیایە، نەك دین و دەوڵەت، ئەمەش بە روونی بەدیار دەکەوێت، کاتێ دەبینین لە مێژووی ئیسلامدا هیچ دەوڵەتێك بەناوی ئیسلامەوە لەسەر زەوی دروست نەبووە، تەنیا دەوڵەتی پێغەمبەر(د.خ) نەبێت، ئەمەش شتێکی ئاساییە، هەر چەندە ئەویش دەوڵەتی ئیسلامی نەبوو وەك ناو، بەڵکو دەوڵەتی پێغەمبەر بوو (د.خ)، کە لەسەر بنەمای سروش (وەحی) (قورئانی پیرۆز و سوننەت) دامەزرابوو، چونکە هەموو بڕیارەکانی پێغەمبەر (د.خ) لە خواوە نەبوون، بەڵکو هەندێکیان ئیجتهادی خۆی بوون، بۆیە هەڤاڵانی پێغەمبەر (د.خ) بە پێغەمبەریان دەگوت: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەمە رای تۆیە، یان لە خواوەیە واتە (وەحییە)؟ نموونەمان لەسەر ئەم بابەتە زۆرە، پرسیار ئەوەیە: بۆچی هەڤاڵانی پێغەمبەر(د.خ) ئەم پرسیارەیان لێدەکرد؟ چونکە دەیانزانی ئەگەر وەحی نەبێت، ئەوە رای پێغەمبەرەو قابیلی هەڵەو رەخنەشە، بەڵام ئەگەر وەحی بێت، ئەوە پێویستە بێدەنگی لێ بکرێت و بە رەهایی قبووڵ بکرێت، ئێمە لە مێژوودا دەوڵەتی خولەفای راشیدینمان هەیە، دەوڵەتی ئومەوی، دەوڵەتی عەباسی و دەوڵەتی عوسمانی و.. هتد، کە بێگومان هەموویان لەسەر بنەمای ئیجتیهاد دروست بوون، بەڵام لە چوارچێوەی ئیسلامدا بوون، دەتوانین بڵێین: دەوڵەتی موسڵمانان، نەك دەوڵەتی ئیسلامی، چونکە یەکەمیان لەسەر بنەمای ئیجتیهادی فەقیهەکان دامەزراوە، بەڵام دووەمیان لەسەر بنەمای ئایین دامەزراوە، کە لەم حاڵەتەدا نابێت دەرگای ئیجتیهاد بکرێتەوە، ئەمەش هەڵەیە، چونکە هیچ یەکێك لە خەلیفەکان ئەوەی نەکردووە، کە بێگومان بۆ قورئان و سوننەت تیایاندا لە ئێمە دڵسۆزتر بوون و زاناتریش بوون، کاتێ خەلیفە ئەبوبەکر (ر.خ) هاتە سەر حوکم، گوتی: ئەگەر ئێوە دەتانەوێت وەکو پێغەمبەری خودا (د.خ) حوکم بکەم، ئەوا ناتوانم، چونکە پێغەمبەر (د.خ) بەندەیەك بوو خوا بە ناردنی وەحی یارمەتیی دەدا، بەمەش هەمیشە پارێزراو بوو، بەڵام من مرۆڤم، شەیتانێك هەیە هەمیشە رێگام لێدەگرێت.

**هەموو بڕیارەکانی پێغەمبەر (د.خ) لە خواوە نەبوون، بەڵکو هەندێکیان ئیجتهادی خۆی بوون، بۆیە هەڤاڵانی پێغەمبەر (د.خ) بە پێغەمبەریان دەگوت: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەمە رای تۆیە، یان لە خواوەیە واتە (وەحییە)؟**

**تا ئێستا ئیسلامییەکان لە کوردستان سەربەخۆیی هزری و مەعریفی خۆیان رانەگەیاندووە، بۆیە زۆربەی بڕیارو هزرو فەتواو بۆچوونەکانیان تەنیا لاساییکردنەوەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییە، ئەمەش بە راستی لە جیهانی مەعریفیدا ئاریشەیەکی گەورە دروست دەکات**

**خەلیفە ئەبوبەکر (ر.خ) هاتە سەر حوکم، گوتی: ئەگەر ئێوە دەتانەوێت وەکو پێغەمبەری خودا (د.خ) حوکم بکەم، ئەوا ناتوانم، چونکە پێغەمبەر (د.خ) بەندەیەک بوو خوا بە ناردنی وەحی یارمەتیی دەدا، بەمەش هەمیشە پارێزراو بوو، بەڵام من مرۆڤم، شەیتانێک هەیە هەمیشە ڕێگام لێدەگرێت**

# کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ریکلام لەسەر پیاوان

ئەگەر لە رابردوودا قۆرخکردنی مەیدانی ریکلام لەلایەن ئافرەتەوە بوبێت، ئەوا ئەمڕۆ پیاوانیش هاتوونەتە، یان هێنراونەتە مەیدانەکەوە لەلایەن کۆمپانیاکانی ریکلامکردنەوە .

هۆکاری هاتن یان، هێنانی پیاوان بۆ ئەم نێوەندە زۆر هۆکاری هەیە، وەك توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئاماژەیان بۆ کردووە، لەوانەش:

١. زیادبوونی شتومەکی تایبەت بە بواری جوانکاریی پیاوان.

٢. سەرنجڕاکێشانی ئافرەتان لە رێگەی پیاوانەوە بۆ ئەو ریکلامانەی ئاراستەی خێزانەکان دەکرێن.

٣. گۆڕانی دیدگای کۆمەڵگە بۆ پیاو، لە هێزو بازووەوە بۆ جوانکاری و شیکپۆشی.

٤. ریکلامکردنی پیاوان بۆ شتومەکی تایبەت بە خۆیان، زیاتر پیاوانی دیکە هان دەدات بۆ کڕینی ئەو شتانە.

٥. کاریگەریی کەلتووری رۆژئاوا لەسەر رۆژهەڵات بە هۆی بە یەکگەیشتنی ئەلیکترۆ نییە و ە .

٦. دەرکەوتنی قازانجەکانی ئەم کارە لە رێگەی گەشتوگوزارو ئەزموونی شوێنانی دیکەوە.

٧. کردنەوەی لقەکانی خانەی جلوبەرگە ئەورووپییەکان و پەیدابوونی بریکاری مارکە رەسەنەکانی جیهان لە وڵاتی ئێمەدا.

٨. تێکەڵبوونی پیاوان بە بواری بیزنس و پیشە باڵاکان و بایەخدانی پیاوان بە خۆیان لە بواری مۆدەو رێکپۆشیدا.

٩. تێکەڵبوونی ناودارە هونەریی و وەرزشییەکانی جیهان بە بواری ریکلامکردن.

١٠. پێدانی بڕێکی زۆری پارە بە ریکلامکار بە ماندووبوونێکی کەم.

**● زیانە کۆمەڵاتییەکانی ریکلام لەسەر توێژی پیاوان:**

١. وازهێنان لە کاری داهێنەرانەی قورس و گەڕان بە دوای قازانجی ماددی و دارایی ئاسان بەدەستهاتوو.

٢. گۆڕانی هەستە مرۆییەکان و فێربوونی هەلپەرستی و لەخشتەبردنی بینەران.

٣. سووڕانەوە لە بازنەی دووبارەکردنەوەی هەمان مەبەست و نەگەیشتن بە دوائامانجێك.

٤. داشۆرینی کەسە ناسراوو دەرکەوتووەکان لەو بەهایانەی کە ساڵانێك خۆیانیان بۆ تەرخان کردووە.

٥.رووخاندنی کەسایەتیی سەربەخۆی تاك و پاڵنانی بەرەو لاساییکردنەوەی ئەوانی دی.

٦. پیشاندانی پیاوی ئایدیاڵ و نموونەیی بەو



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

پیاوەی کە بەدوای پارەدا وێڵە، هیچ ئافرەتێك رەتی ناکاتەوە، باشترین ئۆتۆمۆبێلی هەیە، لەگەڵ بانکە ناسراوەکاندا مامەڵەی هەیە، خۆشترین خواردنەوە دەخواتەوەو ناودارترین جگەرەی هەیە، ئەمانەش هۆکاری هاندانی بینەرە بۆ چوون بەرەو ئەو جیهانە وەهمییە.

٧. هاندانی لاوان بۆ مانەوە لە ژیانی رەبەنیدا، لە رێگەی پیشاندانی پیاوی هاوسەردار وەك کەسێکی مەشغووڵ و خەمبار بە کێشەکانی نێوماڵەوە و پیشاندانی رەبەن وەك کەسێکی ئازادو چێژوەرگر بەبێ هیچ بەرپرسیارێتییەك.

٨. پێوانەکردنی پیاو بە شتە رووکەشەکانی وەك: نیشاندانی جگەرەکێشان وەك نیشانەیەك بۆ سەربەخۆیی تاك، پانتۆڵی جینز وەك نیشانەی لاوێتی و سەرنجڕاکێشانی کچان، بەکارهێنانی بۆن وەك پەلکێشکردنی کچان بۆ نزیکبوونەوە.

٩. تێگەیاندنی کوڕانی هەرزەکار بەوەی کە کاری ئافرەت بۆ نێوماڵ و منداڵ و رازیکردنی پیاوە.

١٠. هاندانی پیاوان بۆ زیادەمەسرەفی و کڕین لەسەر بنەمای هەبوونی توانا، نەك لەسەر بنەمای پێویستی.

١١.فێرکردنی بینەر کە هەموو شت لە دنیادا پارەیەو بەپارە دەتوانیت کامەرانییش بکڕیت.

١٢. پاڵنانی بینەرانی نەدارو هەژار بۆ پەنابردنە بەر دزی و کوشتن بۆ پەیداکردنی بەهای کاڵا ریکلام بۆ کراوەکان.

١٣. زیادبوونی دیاردەی خۆبەراوردکردن و ئیرەیی بردن بە دەوڵەمەندان و رق لێبوونەوەیان و تۆڵەلێکردنەوەیان.

١٤. زیادبوونی دیاردەی تەڵاق و جیابوونەوەی پیاوان لە هاوسەرەکانیان بەهۆی بڕواهێنانیان بە وەهمی نێو ریکلام و بەراوردکردنی حاڵی خۆیان بەوانی دی.

١٥. رووخاندنی مرۆڤی نموونە و پێشەنگ لە رێگەی بچووکبوونەوەی پێگەی پیاو بەهۆی نزمبوونەوەی ئاستە مەعنەوییەکانی بۆ نزمترین ئاستی خواستە ماددییەکانی جەستەی.

١٦. فێرکردنی بینەر و راهێنانی لەسەر قفڵکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بەهۆی هەبوون و هێنانی بەردەوامی چارەسەری هاوردەکراو و ئامادە لە ریکلامەکاندا.

١٧. هاندانی خەڵك بۆ کۆبوونەوە لە سەنتەری شارە گەورەکانداو بەجێهێشتنی گوندەکان، چونکە ریکلامەکان رۆڵی شاری هاوردەکار گەورە دەکەن و، رۆڵی گوندی بەرهەمهێنەریش پشتگوێ دەخەن.